زمان/گێڕانەوە

"کۆدی دافنشی"

"ئەو ڕۆمانەی کە بیست ملیۆن دانەی چاپکراوە"

لێکۆڵینەوە

عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا

وەزراەتی رۆشنبیریی و لاوان

بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆژنامەنووسی و چاپ و بلاۆکردنەوە

بەڕێوەبەرایەتی بلاۆکردنەوەی هەولێر

ناوی کتێب: زمان ⁄گێڕانەوە، کۆدی دافنشی

نووسەر: عەبدولموتەلێب عەبدوڵڵا

بابەت: لێکۆڵینەوە

پیتچنین: نووسەر

نەخشەسازی: مەحەمەد زەنگەنە

چاپی یەکەم:

چاپ: چاپخانە رۆشنبیری

ژمارەی سپاردن (201) لە بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکانی دراوەتێ.

ناوەڕۆك:

1- **عەقل و زمان و كۆمەڵگە.....** "9-22″

2- **بـــــوون/كـــــات/گێڕانـــــەوە ,. . . .** . . . . . ″23-44″

3- **كۆدی داڤنشـــی، زمـــان/گێڕانـــەوە. "** 45-90″

4- **سەرچـــاوەو پـــەراوێزەكان..... "** 91-94″

کوێر بینایی خۆی لە مانگدا هەڵگرتووە.

"عەلا ئەلروبێعی"

عەقل و زمان و کۆمەڵگە[i]

هەر لە شۆڕشە زانستییەکانەوە تا دەگاتە (دێکارت) رۆشنبیر ئەو کەسە بوو کە زۆر شتی دەربارەی چۆنێتی کارکردنی گەردوون و ناسینی گەردوونەوە دەزانی، لەسەر ئەو بنەمایەش جۆرێك لە هاوگونجانی لەنێوان مەعریفەی زانستی و مەعریفەی ئایینی درووست کردبوو. لەدوای فۆرمەلەکردنە شۆڕشئامێزەکەی دێکارت لەبارەی دنیای ماددی و دنیای رۆحییەوە، ئەو تێگەیشتنەی رۆشنبیر لەبارەی ناسین و دەرککردنی گەردوونەوە بە دیدی رۆشنگەری ناوزەد کرا، ئاشکراترین نموونەش لە ئەڵمانیای بسمارکی لەسەر دەستی (گۆتلۆب فریگە)[ii]ی فەیلەسوف و لە بەریتانیا لەسەر دەستی (راسل)ی فەیلەسوف بە ترۆپك گەیشت.

بەلاّم لەسەرەتای سەدەی بیستەم کۆمەڵێك رووداوی رۆشنبیریی و هیدیکە هاتنە ئاراوە کە توانیان نکۆڵی لەو گەشبینییە رۆشنبیرییە بکەن، بە مانایەکی دیکە هەردوو بیریاری گەورەی کۆتاییەکانی سەدەی (19) نۆزدەو سەرەتاکانی سەدەی (20) بیست، واتە هەر یەك

لە (فرۆید) و (مارکس) ئەو هاوگونجان و دوالیزمییەی دێکارتییان هەڵوەشانەوە، لە بەرانبەر ئەو هاوگونجانە کارەکانی خۆیان وەك بەشێك لە زانست وێنا کرد، فرۆید زانستێکی بۆ عەقڵ بەرجەستە کرد و مارکس زانستێك بۆ مێژوو و کۆمەڵگە.

لێرەدا ئەو گورزە کوشندەیەی کە لە گەشبینی عەقڵی سەدەی نۆزدە درا، جگە لە کۆمەڵێك نکۆڵیکردنی عەقڵی بەدیوەکەی دیکە راستەوخۆ پەیوەندیشی بە جەنگی جیهانی یەکەمەوە هەبوو. بەمجۆرە کۆی ئەو گەشبینییە عەقڵییە لە تەواوی دنیادا کەوتە بەر هێرشی جۆراوجۆرەوە، بەڵام ئەگەر دیوێکی ئەو هێرشانە لە جەنگی یەکەمی جیهانەوە لەدایك بووبێت، دیوێکی لە نکۆڵیکردنە عەقڵییەکانی تیۆری رێژەگەری ئاینیشتاین و پارادۆکسەکانی بیرکاری راسل و بەڵگەکانی فرۆید و میکانیزمی چۆنێتی لەبارەی فیزیا و دواتریش لە سەدەی بیستەم هێرشەکەی (لۆدفگ فنکنشتاین) بۆ سەر زانست، کە پێیوابوو زانست بۆخۆی دووچاری

هەڕەمەکیەت و ناعەقلاڵنییەت بووە، هەر لەوێشەوە توانی روونی بکاتەوە کە گوتارەکەی لەبارەی زانستەوە زنجیرەیەکە لە یاری زمانەوانی و قابیلی وەرگێران و ئاڵوگۆڕی و جەختلێکردن نییە، هەروەها جەختی لەوە کردەوە کە ئێمە هەر تەنها ناکەوینە نێو یارییە گەورەکانەوە، بەڵکو راستەوخۆ کەوتووینەتە نێو زنجیرەیەك یاری زمانەوانی بچوکیش کە هەر یەکەیان پێوانەی ناوەکی خۆی هەیە و بۆخۆی هەڵگری جۆرێك لە مەعقولیەتە.

(1)

دیدگەراکان کە لەرێگەی شێوازی ئەبستمۆلۆژییەوە هەژموونیان بەسەر دنیای فیکری هاوچەرخەوە هەیەو بەردەوام بەدژی واقیع دێنە قسەکردن، ئەو هێڵەی کە بەگشتی بیرکردنەوەیان بەرەو خۆی دەبات ئەوەیە، کە بە دنیای واقیع ناگەین چونکە بۆ نواندنی واقیع هیچ رێگەیەکمان لەبەر دەستدا نییە بۆ ئەوەی لەگەڵ واقیع رێك بێینەوە، تەنها لە دیدێکی دیاریکراوو کۆمەڵێك

پێگەی دیاریکراوو هەڵوێستی دیاریکراوەوە نەبێت. لە راستیدا هیچ واقعێکی سەربەخۆ نییە لە دەرەوەی هەڵوێست و دیدو روخساری دیاریکراوەوە بێت.
کەواتە بۆ ئەوەی واقیع بناسین دەبێ لە رووبەکی دیاریکراوەوە بێت، بە مانایەکی دیکە هیچ شتێك لە دەرەوەی تێگەیشتنەوە وجودی نییە، دنیای واقیعی تەنها بە نسبەت تێگەیشتنەوە بوونی هەیە، هەروەك چۆن زانستیش وەسفی واقعێکی سەربەخۆی هەبوو ناکات، بەڵکو هەمیشە واقعێك لەگەڵ گەشەو پێشکەوتووەکانی خۆی دادەهێنێت.[iii] لێرەدا خاڵی سەرەکی ئەوەیە کە بوونی دەرەکی دەرئەنجامی کاری زانستییە نەك هۆکارەکەی بێت، وەك چۆن زمانیش بۆ وەسفکردنی واقیع و ناونانی شتەکان بەکار دەهێنین، بەمجۆرە دەگەینە ئەوەی کە دنیای شتەکان بوونیان لەخۆیاندایە. وەك دەزانین بوون لەنێو خۆیدا چەمکێکە لای (سارتەر) بۆ ئەو جۆرە بوونە بەکار دێت کە هوشیاری نییە، واتە بوونی ئەو بوونەیە کە هەر لەنێو خۆیدا هەیە، وەك جیهان و سروشت... لەبەرانبەر ئەوەشدا

سارتەر چەمکی بوون لەپێناو خۆیدا بەرز دەکاتەوە. بوون لە پێناو خۆیدا ئەو بوونەیە کە هوشیاری هەیە، بوونێکە لەپێناو بونیادنانی خۆیدا تێدەکۆشێت، ئەو چەمکە بۆ بوونی هۆشمەند واتە مرۆڤ بەکار دەهێنێت. کەواتە ئێمە شتەکانی نێو واقیع داناهێنین چونکە بوونی جیهان و سروشت ماهیەتەکەیان لەنێو خۆیاندایە و جێگیرەو ناگۆڕێت، بەڵکو ئەوە تێگەیشتنی ئێمەیە بۆ ئەو بوونە دەگۆڕێت، یان بە مانایەکی دیکە ئەوە ئێمەین بەپێی دیدو روانگەو هەڵوێستی دیاریکراو واقیعی ئەو بوونە دیاری دەکەین.

لێرەدا لەنێو بوون لەنێو خۆیدا و لەگەڵ ئەوەی کە دەڵێت دنیا هەتا هەتایە لە دەرەوەی مەعریفەی ئێمەدایە دووچاری رووبەرووبوونەوە دەبینەوە، ئەو رووبەرووبوونەوەیە لای (جۆن سیرل) هەم بۆشەو هەم زیانبەخش.. زیانبەخشە چونکی دووچاری نائومێدیمان دەکات، هەروەها بۆشە چونکە لەگەڵ ئەوەی دنیا هەیە بەلاّم ناتوانین هیچ بکەین.

(2)

ئایا فیزیا دەتوانێت پێمانبڵێت چۆن هاتۆتە دنیاوە؟

کەواتە فیزیا بونیادێکی کۆمەڵایەتییە لەنێوان بونیادەکانی دیکەدا، بەو مانایەش بوونی دەرەکی فیزیا دەرئەنجامی کاری زانستییە، ئەوەی زانست و فەلسەفەش بەیەکەوە گرێدەدات ئەوەیە کە هەردووکیان ئامانجیان مەعریفەو تێگەیشتنە هەروەها ئەوەی بەردەوام (جۆن سیرل) دەیەوێت قسەی لێبکات ئەنتۆلۆژیا و ئەبستمۆلۆژیایە[iv]، بەڵام ئەگەر بەدوای ڕاڤەکردنی پەیوەندی نێوان فەلسەفەو زانستدا بڕۆین دەبینین فەلسەفە بەردەوام پرسیارگەلێك بەرز دەکاتەوە کە ناشێ بەشێوەیەکی ناوکۆیی وەڵامییان بدەینەوە، کاتێك فەلسەفە دەگاتە خاڵی دیاریکراو ئیتر پرسیارەکان دەبنە پرسیاری زانستی، بەمجۆرە زانست هەمیشە شتەکان دەپێکێت. فەلسەفە بەردەوام لە نادیاریدا دەمێنێتەوە، کۆی ئەو نادیارییەش ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە گەشە و پێشکەوتنی مرۆڤایەتیەوە دەکات.

ئەگەر گەیشتنی فەلسەفە بە خاڵی دیاریکراو و بوونی بە زانست جۆرێك لە گەشبینی و بەرفرەوانکردنی بواری زانستی لێبکەوێتەوە دەشێ ئەو گەشبینییە لەرێگەی ئەو پرسیارانەوە دووچاری نیگەرانی بکەین کە لە بارەی دادپەروەری و حەقیقەت و فەزیلەت... هتد دەکرێ، کەواتە پرسیارەکانی فەلسەفە سەر بەو رێبازانە نین کە لەسەری رێکەوتووین بۆ نموونە گیرگرفتی سروشتی ژیان و گرفتی هەست... لەلایەکی دیکە فەلسەفە مەیلی بەرەو پرسیارگەلی چوارچێوەئامێز و چەمکەکان دەچێت. کەواتە پرسیاری فەلسەفە هەرگیز ناگاتە دوا وەلاّم، بەردەوام پێویستی بە زمانێکی بەرزو ئاستێکی بەرزی زمان هەیە، تاکو بتوانێت بەردەوام چەمکی دیکە بەرهەم بهێنێت بەو مانایەش زمان ئامرازێکی جەوهەری فەلسەفەیە.

(3)

یەکەم خەسڵەتی عەقڵ و گرنگترینیان هەستە (شعور) هەستیش کۆی ئەو حاڵەتانە دەگرێتەوە کە مرۆڤ دەرکی پێدەکات و هەستی پێدەکات، ئەو خەسڵەتانەش دەکەونە دووتوێی ناوەکی و جۆرییەتی و خودێتییەوە، ئەگەر خەسڵەتی ناوەکی لە ناوەوەی جەستە و ناوەوەی مێشك بە دیاریکراوی بەڕێوەچێت. کەواتە هەست لە دەرەوەی مێشك وجودی نییە، وەك چۆن چۆڕاوگەی ئاو لە دەرەوەی ئاوەوە بوونی نییە. لەلایەکی دیکەش بەردەوام رێگەیەکی دیاریکراو هەیە کە حاڵەتی شعوری تێدا هەست پێدەکرێت، ئەو رێگەیە تەعبیر لە خەسڵەتی جۆرایەتی دەکات، وەك (تۆماس ناجل) دەڵێت: شتێکی دیاریکراو بۆ هەموو حاڵەتێکی هەستی هەیە، کە ئەو حاڵەتە هەستییەی لەسەر وەستاوە.[v] هەروەها هەست ئەزموونێکی مرۆڤانەیە، یان زیندەگییانەیە بە ئەنتۆلۆژیای ئامادەگییەوە ناو دەنرێت، واتە ئەوە ئامادەگی کارایانەی مرۆڤە لەبەرانبەر حاڵەتێکی دیاریکراو هەستێکی جۆرییمان دەداتێ، بۆ نموونە: ئازار

تەنها لای کارایەکی دیاریکراوی زیندوو ئامادەیە، بەڵام چیا لەبەرانبەر ئەنتۆلۆژیای ئامادەگی شێوە وجودێکی بزری هەیە، بەمجۆرە حاڵەتی شعوری بۆ خودی من کەشفە نەك بۆ تۆ. لەبەر ئەوەی هەست خودییە، کەواتە ناشێ زانستی شعور وجودی هەبێت.[vi]

هەندێ لە ماددییەکان نکۆڵی لە شعور ناکەن، بەڵام هەندێکی دیکە وەك کردارێکی بایۆلۆژی باسی دەکەن کە لە مێشك بەڕێوە دەچێت، وەك چۆن کرداری هەرسکردن لە گەدە بەڕێوە دەچێت، بەڵام ئەو قسەیە لەوێوە بەتاڵ دەبێتەوە کە هەست وجودێکی ئامادەگییانەی هەیە، کەچی شتە ماددییەکان وجودێکی بزری بابەتیانەیان هەیە.

(4)

دیاردەیەکی دیکە کە بە توانیای عەقڵەوە بەندە، ئەوەیە کە عەقڵ بەردەوام ئاراستەکانی خۆی بەرەو ئامانج و حاڵەتێك دەنێرێت، کە دەکەوێتە نێو دنیایەك لە دەرەوەی عەقڵەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناشێ تەنها بەو شێوە

سادەیە سەیری زمان بکەین کە هەر فیکرەیەو لەرێگەی وشەوە بە ئەویدیکە دەگات، چونکە دەشێ بەبێ وشەش بڕوا بە هەندێ شت بهێنین بۆ نموونە برسێتی یان هەستکردن...

لێرەدا وەلاّمی پرسیاری زمان چۆن بە واقیعەوە پەیوەست دەبێت، ئەوە نییە کە لەرێگەی نواندنەوە بە ئەنجام دەگات، بەڵکو ئەوەیە کە زمان بە هۆی ماناوە بە واقیعەوە دەلکێ، ئەو پەیوەستبوونەش عەقڵی نیازخواز بەسەر دەنگ و ئاماژە دەیسەپێنێ.[vii] هەر لەسەر ئەو بنەمایەش مانا شێوەیەکی نیازئامێزی هەڵێنجراوە، بە مانایەکی دیکە کۆدی تێگەیشتنی مانا ئەوەیە کە نیازخوازی ئەسڵی یان ناوەکی لە فیکری قسەکەردا بۆ وشە و ئاماژە و رەمز دەگۆڕێت.

کەواتە وەك چۆن دەشێ قسەکەر نیازی خۆی لە قسەکردندا هەبێت، لەپاڵ ئەوەشدا دەشێ ئەو نیازە تەقلیدییەش بەکار بهێنێ کە لە وشەکان و رستەکانی نێو زمانێکی (دیاریکراو)دا هەیە.[viii] بەمجۆرەش

کردەیەکی نیازئامێز بەجێدەهێنێ و کۆی ئەو
تێگەیشتنەش بە پڕبوونی ماناوە بەندە. بە مانایەکی
دیکە بەرهەمی دەنگەکان لە زماندا بەشێکە لە مەرجی
تێربوونی ئەو نیازەی کە لە دروستکردنی گوتراودایە،
واتە کاتێك قسەکەر گوتراوێکی واتادار دروست دەکات،
ئەو کاتەیە کە مەرجی پڕبوون دەخاتە سەر دەنگ و
ئاماژەکان. لێرەدا دەکەوینە نێوان دوو مەرجی تێربوون..
یەکەم مەرجی تێربوونی گوتراوە، دووەم مەرجی تێربوونی
دەنگ و ئاماژەیە. بەو مانایەش گوتراوی واتادار ئەوەیە
کە مەرجی تێربوون بەسەر مەرجی تێربووندا
دەسەپێنێت، بۆ نموونە رستەی: باران دەبارێت. هەڵگری
مەرجی تێربوونی جۆراوجۆرە، یەکەمیان ئەوەیە کە نیازی
قسەکەر بەجێدەهێنێت و ئەو گوتنەش مەرجی بەشێك لە
رستەکە تێر دەکات، دووەم لەبەر ئەوەی هەر تەنها
مەبەست قسەکردن نییە، واتە لەبەر ئەوەی کردەی
(بارین) لەخۆ دەگرێت، کەواتە ئەو گوتنە مەرجی
تایبەت بەخۆیشی هەیە و ئەو تێربوونەش تەواو نابێت

هەتا باران نەبارێت، ئەگەر باران باری کەواتە مەرجی تێربوونی گوتراو حەقیقییە، بەڵام ئەگەر نەبارێت درۆ دەردەچێت. لێرەدا نیازی قسەکەری رستەی باران دەبارێت بەلای کەمی دوو بەشە: نیازی تێربوونی گوتراو، کە هەندێ لە مەرجی تێربوونی هەڵگرتووە، دووەم نیازی تێربوونی دەنگ و ئاماژە. کەواتە نیازی مانا بەگشتی ئەوەیە کە مەرجی تێربوون بەسەر مەرجی تێربوونی یەکەم دەسەپێنێت، سەرەڕای ئەوەش دەیەوێت پەیوەندی لەگەڵ گوێگران درووست بکات، ئەوەش بە نیازی پەیوەندیگرتن، یان گەیشتن ناو دەنرێت، ئەو نیازەش لەسەر تێگەیشتن راست دەبێتەوە، نیازی تێگەیشتن نیازی مانایە، ئەوەیە کە گوێگر لە مانای نیازم بگات، نیازی تێگەیشتن وەك چۆن دەکەوێتە فرە جۆری لە کردەی قسەکردندا بە هەمان شێوە دەکەوێتە سەر رێسای پێکهاتن و رەمزگەرایی.. ئەگەر فرە جۆری قسەکردن پەیوەندی بە سەلماندن و خاڵی ئاراستەکردن و ئیلتیزام و تەعبیرکردن و راشکاوییەوە هەبێت، ئەوە رێسای پێکهاتن

و رەمزگەرایی پەیوەندی بە بارودۆخ و دامەزراوەکان و بوونی کاری (هەبوون) لە زماندا هەیە، کە دەلالەت لە زەمەن دەکات، بە مانایەکی دیکە فرمانی (هەبوون) خەسڵەتێکی دیکەی زمانە و توانای لە دایکبوونی بێ کۆتایی لە گرامەردا هەیە.[ix] سەرەڕای خەسڵەتێکی زۆر دیاریکراوی زمان کە رەمزە، بۆ نموونە (چەقۆ) دەشێ بە هۆی سروشتی ماددیانەی خۆیەوە ئاماژە بە باردۆخی فیزیاوی خۆی بکات، بەڵام مرۆڤ یان دراو (پارە) ناتوانن بەهۆی سروشتی فیزیاوییان وەك جەستە و کاغەزی دراو وەزیفەی خۆیان بەجێبهێنن. کەواتە دەبێ کۆمەڵ یان دامەزراو و دەستە لەسەر ئەوە پێکهاتبن کە ئەو بارو وەزیفەیە ببەخشن، بە مانایەکی دیکەی روونتر ئەگەر وشە لەرێگەی ماناوە وەزیفەی خۆی بەجێبهێنێت و تەعبیر لە ماناکەی خۆی بکات، ئەوە کارکردن بە واقیعی دەستەو کۆمەڵ و دامەزراوەکان هەمیشە پێویستی بە وەسیلە یان رەمزێك هەیە، بۆ ئەوەی بتوانێت بابەتە دیاریکراوەکەی بناسێت، ئەو بابەتە دیاریکراوەی کە لە

وەزیفەی بارودۆخ پێکهاتووە ئەگەرچی نادیاریش بێت...
روونترین نموونەش ئەلقەی زەواج، مۆڵەتی لێخوڕین،
پۆشینی جلی وەك یەك... یەکەمیان پێماندەڵێت:
هاوسەرم هەیە، دووەمیان دەڵێت: من شوفێرم، سێیەم
دەڵێت من ئەندامێکم بۆ نموونە لە هێزی پۆلیس.

بوون/کات/گێڕانەوە

گێڕانەوە وەك زاراوە چەمكی بونیادگەرییانەی
تێپەڕاندووە، لای بونیادگەرەكان گێڕانەوە بونیادێكی
پەیكەرئامێزی هەیە، بۆیە وەك بابەتێكی پچڕاو لە بری
(ناسنامە)و (زەمەن) دەردەكەوێت، هەر لەوێشەوە دەشێ
لە پێناو لێكۆڵینەوەو شیكردنەوە بۆ یەكەو بەشگەلێك
هەڵبوەشێتەوە. بەلاّم ئەمڕۆ قسەكردن لە پرۆسیسەكردنی
گێڕانەوە تەواو جیاوازەو بەشێكی زۆری ئەو جیاوازییانەش
لەسەر دەستی فەیلەسوفی فەرەنسی (پۆل ریكۆر)[x]
گەلاّڵە كراوە. چیرۆك یان گێڕانەوە لای ریكۆر هەڵگری
بونیادێكی بنبەستوو نییە، بەڵكو لە پرۆسیسەكردن و
ئەزموونكردنەوە بەرجەستە دەبێت، هەر لەوێشەوە
گریمانەی بنەڕەتی نێوان كردەی گێڕانەوەی چیرۆك و نێوان
سرووشتی كاتی ئەزموونكردنی مرۆڤایەتی خۆی لە
شێوەیەكی رۆشنبیریی ئاڵوگۆڕئامێزدا هەڵدەگرێتەوە، بەو
شێوەیەش ریكۆر زەمەن، واتە زەمەنی مرۆیی شێوەیەكی
گێڕانەوەئامێز فۆرمەلە دەكات، كەواتە گێڕانەوە بە
هەموو ماناكانییەوە مەرجی وجودی زەمەنی لەخۆ

دەگرێت، هەر لە رێگەی ئەو وێناکردنەی گێڕانەوە یان چیرۆکیش خودی مرۆڤایەتی پێگەیەکی سێنترالیانە لە کردەی گێڕانەوەدا وەدەست دێنێت، بەو مانایەش رەتکردنەوەی خود رەتکردنەوەی خودی گێڕانەوەشی لێدەکەوێتەوە.

کەواتە پرۆسیسەکردنی گێڕانەوە دەکەوێتە دووتوێی ئەو ماوە شاراوەیەی کە لە نێوان خود و دنیای دەرەوەدا هەیە، کاتێك چاوێك رووداوێك دەبینێت یان ئاشنای دەبێت، دەبێتە گێڕەرەوەی ئەو رووداوە بۆ ئەوەی چاوە بێئاگاکانی دیکەی لێبەئاگا بهێنێتەوە، ئەوەش واتە ئاشنابوونی خود لەگەڵ دنیای شتەکان و دیاردەکان لە رێگەی پرۆسەی خەڵکردنی ماناو دەلالەتەکانی ئەو دیاردانەو بردنیان بۆ بواری ئاگایی فەردی و پاشان ئاگایی دەستەجەمعییەوە. هەر لە رێگەی ئەو چالاکییەشەوە خودگەرایی پراکتیزە دەبێت و خودی گێڕەرەوە لە میانی زەمەنی گێڕانەوەدا خۆی دەدۆزێتەوە.

بەمجۆرە چیرۆك یان گێڕانەوە چەسپاندنی وجودە لە بەرانبەر دنیای شتەكان و هەر لە میانی دەنگ و زەمەنیشەوە جەخت لە ناسنامەكەی خۆی دەكاتەوە. بە مانایەكی دیكە خود لە رێگەی گێڕانەوە هەوڵدەدات دژی فەنابوون بێتەوە، ئەو هەوڵە لە لایەك بە ئەسڵكردنی ناسنامەی لێدەكەوێتەوە، لە لایەكی دیكە لەبەر ئەوەی ناسنامە لە گێڕانەوەدا شیدەبێتەوەو لەنێو گێڕانەوەدا بلاۆ دەبێتەوە، بۆیە ناجووربییەك لە نێوان ناسنامەو گێڕانەوەدا درووست دەبێت، واتە ئامادەگی یەكێكیان نكۆڵیكردن و رووخانی ئەویدیكە لەخۆ دەگرێت. ئەو ئاوێتەبوون و دابڕانە لای ریكۆر لەسەر ئاوێتەبوون و دابڕانی مێژوو و خەیاڵ دامەزراوە، لە بنەڕەتیشدا بۆ فیكرەی "قەرداری رابردوو" و "چەمكی هەنووكەیی" دەگەڕێتەوە، ئەگەر فیكرەی "ئێمە قەرداری رابردووین" بكەوێتە بەر رەخنەی "لیوتار" بەوەی كە خەڵك سۆزی بۆ گێڕانەوە گەورەكان نەماوە، ئەوە فیكرەی هەنووكەیی كە لای هایدگەر لەسەر تێگەیشتنی خود دامەزراوە لای ریكۆر بەرەو

دەستەجەمعی دەبردرێت، وەك چۆن لە زۆربەی کارەکانیدا لە پرسیاری کۆسمۆلۆژی "قەدیس ئۆکستین"ەوە بەرەو پرسیاری نەفسی یان دیاردەگەرایی دەچێت!!

پەیوەندی نێوان گێڕانەوەو ژیان

لە هەموو چیرۆکێکی گێڕاوەدا دوو جۆر لە "کات-زەمەن" دەبینرێت: زەمەنێك کە لە زنجیرەیەك رووداوی بە دوایەکداهاتوو و پچڕاو و کراوەی بێکۆتاییدا بەرجەستە دەبێت، ئەو زەمەنەش هەمیشە پرسیاری ئەوەمان لا درووست دەکات کە دواتر چی روودەدات؟ هەڵبەتە مرۆڤ بە هەڵگری رووداوەکانی ئەو زەمەنە دێتە ژماردن.

زەمەنێك کە تەواو پێگەییوو کۆتاییدارە، وەك دیارە ئەو ئاماژەکردنە راستەوخۆ بە گێڕەرەوەی یەکەم، خولقێنەری یەکەم-خودا- پەیوەستمان دەکات، چونکە دواجار بە بڕوای ریکۆر ئەوە گێڕەرەوەی یەکەمە لەنێو رێگا جۆراوجۆرەکانەوە رێگەی درووست نیشانی مرۆڤ دەدات، بۆیە "گێڕانە/چیرۆك" بۆ گەیشتن بەو پلەیەی "کەمال" لە هەوڵی بەردەوامدایە و هەمیشە خۆی بە قەرزاری ئەو

چیرۆکە (یان رابردووە) دەزانێت و بە شێوەیەکی دیار هەوڵی وێنەگرتنی دەدات. دواجار ئەگەر دانانی چیرۆك یان گێڕانەوە لە رووی زەمەنییەوە فۆرمەلەکردنێکی وێنەئامێزی رووداوە یەك بە دوایەکداهاتووەکانی مرۆڤ بێت، ئەوە لەسەر ئەو بنەمایە یەکەم: ئاوێتەکردنی رووداوە لە یەك دوورەکان و حیکایەتە جیاوازەکان تەعبیر لەو ناوەندە یان گرێ چنە دەکات کە دواجار چیرۆکی یەکرەنگی لێدەکەوێتەوە. دووەم: لە رێگەی بە یەکەم دانانی رووداوێك و هاوگونجاندنی نێوان بە یەك دژەکانی لە پێناو بەرجەستەکردنی رووداوی بە یەکەم دانراو جۆری دووەم لە پلۆت بەرجەستە دەبێت. جۆری سێیەم دەشێ لە رێگەی کێڕکێی نێوان رووداوە بە یەکداهاتووەکانەوە فۆرمەلەکردنێکی وێنەیی بسازێنین. هەڵبەتە کۆی ئەو سێ جۆرە جیاوازەی چنینی چیرۆك/گێڕانەوە لای ریکۆر بە بێ خەیاڵی داهێنەرانە کورتی دێنێت، ئەگەرچی وەك دەزانین لە پشت کاری خەیاڵیش قەرداربوونی رابردوو یان بە مانایەکی دیکە مۆدیلە یەك لە دوا یەکەکانی

کەلەپوری مرۆڤایەتی ئامادەگی هەیە، بۆ نموونە مۆدیلی مەکیسم گۆرگی، سیرڤانتس، کافکا، مارکیز....
لێرە وەك دەردەکەوێت لە کۆی هەوڵەکانی ریکۆردا خەیاڵ وەك ناوەندیارێك رۆڵ دەگێڕێت، بە مانایەکی دیکە ریکۆر مانای گێڕانەوە یان دەلالەتی گێڕانەوە لە کارلێکردنی نێوان دنیای دەق و دنیای خوێنەردا دەبینێت. کەواتە بە بێ خوێنەر دەق ناتوانێت هەبوونی خۆی بسەپێنێت، چونکە هەموو دەقێك لە رێگە خوێندنەوەوە بە خاوەن دەکرێت و دنیای ناوەکی خۆی بلاۆ دەکاتەوە، ئەو دنیایەی کە لە کەسێتییەکان و رووداوە گێڕاوەکانەوە بونیاد نراوە. دنیای دەق کردەیەکە بەردەوام ئاسۆی جیاواز بۆ ئەزموونە شیاوەکان دەکاتەوە، دنیایەکە دەشێ هەموو خوێنەرێك بە جیاوازی ئاست و بیروڕاو پلەو پایەو... خۆی تێدا بدۆزێتەوە، بەو مانایەش دەق بە سەرخۆیدا داخراو نییە، بەڵکو پرۆژەیەکی گەردوونی نوێ و جیاوازە لەو گەردوونەی کە تێیدا دەژین.

کەواتە خوێنەر سەر بە ئاسۆی ئەزموونی کارە لە
خەیاڵدا، بە واتایەکی دیکە ئەگەر دەق ئاسۆی
پێشبینیکردن بێت ئەوە خوێنەر ئاسۆی ئەزموونکردنە و
بەردەوام ئەو دوو ئاسۆیەش یەکتر تەواو دەکەن و
لەنێویەکدا دەتوێنەوە. لێرەوە دەق پەیوەندیارێکە لەنێوان
مرۆڤ و دنیا، مرۆڤ و مرۆڤ، مرۆڤ و خودی خۆی. یەکەم
پەیوەندی نێوان مرۆڤ و دنیا بە سەرچاوە دادەنرێت، دووەم
پەیوەندی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ بە کۆمینیکەیشن، سێیەم
پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خودی خۆی بە تێگەیشتنی
خودەوە بەندە. تەواوی کاری ئەدەبیش لەو سێ رەگەزەوە
بونیاد دەنرێت. بەڵام نە سەرچاوەگەرێتی بە مانا
وەسفییەکەی و نە کۆمینیکەیشن بە مانا
سوودگەراییەکەی و نە لێوردبوونەوەی خود بە مانا
نێرگزییەکەیەوە.
"ئایسەر (1926-2007" کە نووسەر و رەخنەگرێکی
ئەڵمانییە پێیوایە دەقی ئەدەبی دوو جەمسەری هەیە
یەکێکیان هونەرییەو ئەویدیکەیان جەمسەری جوانییە.

جەمسەرە هونەریەکە دەقی نووسەرەکەیەو جەمسەری ئیستاتیکیش خوێنەر جێبەجێی دەکات. کەواتە لای "ئایسەر" ناکرێت بڵێین بەرهەمی ئەدەبی بە واقیعکردنی دەقە یان هاوجووتکردنی دەقە لەگەڵ واقیع، بەڵکو حاڵەتێکە لەنێوان هەردووکیان. نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت کە دەقی ئەدەبی خەسڵەتێکی جووڵەئامێزی هەیە، ئەو جووڵەیەش لە ئەنجامی پرۆسەی خوێندنەوەی دەقەوە درووست دەبێت.[xi]

وەك چۆن لای ریکۆر پلۆتی چیرۆك لەسەر کاری هاوبەشی نێوان دەق و خوێنەر دادەمەزرێت و دواجار ئەوە کردەی خوێندنەوەیە کە کاری ئەدەبی تەواو دەکات، خوێندنەوەش بۆخۆی لە بنەڕەتدا رێگەیەکە لە ژیانکردن، ژیانکردنێك لە دنیای خەیاڵدا، وەك چۆن خەیاڵیش ئەو کاتە تەواو دەبێت کە دێتە نێو ژیانەوە، ژیانیش لە چیرۆکدا نەبێتە فەهم ناکرێت.[xii]

کانت و خەیاڵی ئیبداعی

وەك دەزانین تێزەکەی ریکۆر لە دەقدا تەواو نابێت، بەڵکو لە خوێنەردا سیما جیاوازەکانی خۆی هەڵدەگرێتەوە، ئەویش بەو مەرجەی کە دووبارە دارِشتنەوەی دەق شیاو بکەوێتەوەو خەیاڵیش رۆڵی ناوەندیاری تێدا بگێڕێت. بە مانایەکی دیکە ئەوەی کە گێڕانەوەی ریکۆری لەسەر بونیاد نراوە خەیاڵی "کانت"ی و تێگەیشتنی زەمەنی "هایدگەر"ییە. ئەگەر خەیاڵی کانتی خەیاڵی ئیبداعی بێت، ئەوە زەمەنی هایدگەری بە زەمەنی بوونی مرۆڤایەتی لە قەڵەم دەدرێت.

ئەگەر لای ریکۆر قسە لە خەیاڵی ئیبداعی بکەین دەبینین پرۆسیسەکردنی گێڕانەوە لەسەر دوو خاڵی گرنگی تیۆری خەیاڵی کانتی کار دەکات، لە خاڵی یەکەمدا کانت دەڵێت: خەیاڵ لێپرسراوە لە چەمکەکان و پێشینە ناوەندیارەکان، ئەوەش بە بەردی بناغەی مەعریفەی کانتی دێتە ژماردن. خاڵی دووەم لای کانت خەیاڵ وەسیلەیەکی ناوەندیارە لەنێوان دنیای ئازادی و سرووشتدا، ئەو دوو دنیایەی کە بەرابەر یەکتر وەستاون.

هەروەها خەیاڵ لای کانت دوو وەزیفەی هەیە: وەزیفەی خەیاڵی پاشکۆخواز کە خۆی لە دووبارە بەرهەمهێنانەوە یان وێنەگرتنی شتە نادیارەکاندا دەبینێتەوە، لەگەڵ ئەو گرفتە سێنتراڵییەی کە شیکردنەوەی باڵایی لەخۆ دەگرێت، ئەوەش لەو پرسیارەوە دێت کە چۆن دەشێ چەمکێك وەرگرین بێ ئەوەی ئەزموونی بکەین، چۆن ئەو گوتانە بە سەر ئەزموونداا جێبەجێ دەبێت؟ لێرەدا وەزیفەی خەیاڵ لای کانت ئەوەیە کە لە لایەك گوتەکان بونیاد بنێت و لە لایەکی دیکە رووخساریان بۆ دابڕژێت ئەوەش یەکەم لەگەڵ دووەم جووت دەکات یان بە شیاوی جووتبوونی دادەنێت، هەروەها ئەو ناوەندیارەی نێوان خەیاڵ و حەساسیەت ئەو رۆڵەیە کە کانت بە هێلکاری نەخشەبۆکێشراو ناوی دەبات، هێلکاری نەخشە بۆکێشراو خۆی لەخۆیدا بەرهەمی خەیاڵە، لێرەدا زاراوەی خەیاڵی ئیبداعی یان خەیاڵی بەرهەمهاتوو دێتە ناوەوە. هەر لەوێشەوە کانت پێناسەی هێلکاری نەخشە بۆکێشراو بەمجۆرە دەکات: کردەیەکی خەیاڵییە خۆی لە هێلکارییدا

نمایش دەکات کە پێی دەڵێن وێنەی چەمك، ئەو نەخشەیە کردەیەکی خەیاڵییە بۆ خەڵکردنی شێوە زەمەنیەکانی گوتە جیاوازەکان، هەر لەسەر ئەو بنەڕەتەش ریکۆر دەڵێت: کانت یەکەم بیریارە کە لە رێگەی رێبازە نەخشەسازییەکەیەوە پەیوەندی لەنێوان شێوەکانی زەمەن و خەیاڵ دادەمەزرێنێت.[xiii]

خەیاڵ لە دنیای کانتدا وەسیلەی لێوردبوونەوەی نێوان ئازادی و سرووشتە دەتوانێت لە جیاوازی رەگەزەکانەوە تەنیایی درووست بکات، تەنیاییەك کە لە رەخنەی سێیەمدا بە حوکمی تەئەمووڵی ناوی دەبات، بەڵام لای ریکۆر ئەوە گوتاری گێڕانەوەیە کە شێوە زەمەنییەکانی مرۆڤ درووست دەکات، واتە وەك چۆن وێنە نوێنەرایەتی بینینە بۆ واقیع، بینینێك کە فەزا دەستی لە درووستکردنیدا هەیە، بە هەمان شێوە گێڕانەوەش نوێنەرایەتی زارەکییانەی واقیعە کە زەمەن وێنەی دەکێشێت یان بونیادی دەنێت. ریکۆر پێیوایە ئەوە خەیاڵە دەق درووست دەکات و دەقیش رێسای تایبەت بەخۆی

دەسازێنێت، بەو مانایە داهێنان دەکەوێتە ژێر ئاست و پێوانەکانی خەیاڵەوە.

بە کورتی تێۆری گێڕانەوەی ریکۆر لەنێوان فیکرەی وێنەی نەخشە بۆکێشراو و رەمزییەت هاوپەیوەستبوونێك دادەمەزرێنێت، یەکەمیان ئاماژە بە زەمەنی دیاریکراو دەکات، بەڵام دووەمیان نوێنەرایەتی فیکرە ئیستاتیکییەکان دەکات، هەر لەوێشەوە فیکرەی "ئایسەر"مان لە بارەی دەق و خوێنەر بیر دەخاتەوە.

کەواتە گێڕانەوە شێوەیەکە لە شێوەکانی داهێنان هەر تەنها بە بابەتی ئەدەبییەوە بەندنییە، بەڵکو بنەمایەکە بۆ شیکردنەوەی فیکرە قووڵەکانی کانت، بەمجۆرەش ریکۆر لە رێگەی بەکارهێنانێکی ئەدەبیانەوە وای کردووە هەر یەك لە پرۆسەی خەیاڵی ئیبداعی و زەمەن زێتر قابیلی قبولکردن بن، بە مانایەکی دیکە ئەگەر گێڕانەوە خستنەرووی ئەو هونەرە تەمومژاوییە بێت کە وێنە نەخشە بۆکێشراوە هەستپێنەکراوەکەی کانت لەخۆ بگرێت، ئەوە پڵۆت کە پێکهاتەی سێنترالیانەی

گێڕانەوەیە جگە لە دانانێکی داهێنەرانەی زەمەن شتێکی دیکە نییە، دانانێك کە لە ئەزموونە هەڕەمەکیە جیاوازەکانەوە زەمەنێکی یەکگرتوو دەخاتەوە. کەواتە توانای خەیاڵ ناکەوێتــە سەر وێنەگرتنی زەمەنەوە، وێنەگرتنێك کە بە هونەری شاراوەی رۆحەکانەوە دێتە ژماردن، بەڵکو ئەو توانایەیە کە کار لەسەر پرۆسەی فۆرمەلەکردنی نەخشە بۆ کێشراوەکانی چنینی گێڕانەوە دەکات، هەر لەوێشەوە خۆی بۆ راڤەکردن و لێکدانەوە نمایان دەکات. دواجار وەك ریکۆر دەڵێت: خەیاڵ لە رێگەی ژیانەوە نەبێت بە کەماڵ ناگات، وەك چۆن لە کۆی چیرۆکە گێڕاوەکانەوەش نەبێت لە ژیان ناگەین.

هایدگەرو زەمەنی بوونی مرۆیی

یەکێك لەو گرفتانەی کە هایدگەر لە بەشی دووەمی کتێبە بەناوبانگەکەی "الوجود و الزمان" قسەی لێدەکات گرفتی زەمەنە، بەشێك لە قسەکردنەکانیشی لە

جیاکردنەوەی وجودی ئەسڵی و وجودی ڕۆژانە بەرجەستە دەبێت. لای هایدگەر زەمەن ئەو ناوەندیارە درێژکراوە بێ سنوورە نییە کە لە ڕێگەی کاتژمێرەکانەوە یان لە ڕێگەی جولەکانی زەوییەوە پێوانەی بۆ دەکرێت، بەڵکو بە تەمەنی مرۆییەوە بەندە، هەر بەو مانایەش زەمەنی مرۆیی دەخاتە بەراییەوە، زەمەنی مرۆییش وێناکردنی ژیان و مێژووی تاك لەخۆ دەگرێت، بۆ قسەکردنیش لەو بارەیەوە سێ چەمك دەسنیشان دەکات: دڵەڕاوکێ "القلق"، ویژدان، چارەنووس.

دڵەڕاوکێ: بە کورتی هەستکردن بە لە دەستچوونی شتەکان دەنوێنێ، بەومانایەش دڵەڕاوکێ پەیوەندی بە تەواوی ژیانەوە هەیە لە بەرانبەر مەرگ وەك کۆتایی، وەك تاکە بنەمایەکی ژیان. چونکە ژیان لە هەردوو باردا ئەوەیە کە بەرەو مەرگ دەبێتەوە. هەر تەنها دڵەڕاوکێشە ئەو مەعریفەیەی لەخۆ گرتووەو لەوێشەوە مرۆڤ لە لەبیرکردنەوە بەرەو دیدی گشتگیری دەکاتەوە: بەرەو مەعریفەی خود، وەك بوونەوەرێك کە بەرەو مەرگ

دەچێت. هەر تەنها دڵەڕاوکێیە لە دەرەوەی حاڵەتەکان و هەڵچوونەکانەوە ئازادی مرۆڤی لەخۆدا هەڵگرتووەو مرۆڤ لە کۆت و بەندەکانی دۆڕان رزگار دەکات. بەمجۆرە لای هایدگەر مرۆڤ لە بوونی ئەسڵی خۆیدا بەرەو مەرگ دەچێت، هەروەها دڵەراوکێ بەپێی ئەو تەعبیرە حاڵەتێکە لە کەشفکردن و لە رێگەی کەشفکردنی بوون بەرەو مەرگ وەك شیاوێکی ئەنتۆلۆژی دەردەکەوێت.[xiv]

کەواتە دڵەڕاوکێ ئەو حاڵەتەیە کە مرۆڤ دەنگی ویژدانی خۆی تێدا دەبیسێتەوە، خودی ویژدانیش وەك هایدگەر گریمانەی دەکات ئەو شانە تەواوەیە کە مرۆڤ تێیدا لە میانییەوە تەعبیر لە دڵەڕاوکێ دەکات. ویژدان ئەو دەنگەیە کە لە میانییەوە قسە لە حاڵەتە نهێنی و بیدەنگەکان دەکرێت و مرۆڤ لە پەراوازەبوون و دۆڕانی نەفسی و فەنابوونی لەنێو خەڵك رزگار دەکات، بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی بێت. بەمجۆرە ویژدان بانگەشەکردنی نەفسە بۆ نەفس، بانگەشەکردنێکە لە دۆڕانەوە بەرەو ئەساڵەتمان دەبات.[xv] ویژدان بانگی مرۆڤ دەکات بۆ ئەوەی لەو

ونبوونه رزگاری بێت که له خەڵکەوە سەرچاوە دەگرێت، لەوێشەوە بەرەو بڕیاردانی تاکانەو هەڵبژاردنی خودی دەکاتەوە. بەو مانایەش مرۆڤ وەك بنەڕەتێکی مێژوویی خاوەنی چارەنووسێکە.

هەڵبەتە زەمەن لای هایدگەر نە ئەو ناوەندیارەی "لینبتز"ە کە لە پەیوەندی نێوان رووداوەکان و نێوان جەوهەرو دیاردەکاندایە، نە ئەو زەمەنە بیۆلۆژیەی "برگسۆن"ە کە هەڵگری قەڵەمبازە زیندەگییەکانە، قەڵەمبازێك کە لە رابردووەوە بەرەو داهاتوویەکی بێکۆتایی دەبێتەوە، بەڵکو زەمەن لای هایدگەر زەمەنی وجودی کەسییەو لە هەموو ئەوانە جیاوازە، چونکە یەکەم: زەمەن زەمەنی خودەو درێژکراوەی ژیانی منە، بەو مانایەش زەمەن بنەمای بوونی مرۆڤ دەگەیەنێت. دووەم: هەنووکەیی لە زەمەنی وجودی داهاتوودایە، هەروەها هەنووکە یان (وجودی خودگەرایی) واتە تێگەیشتن، تێگەیشتنیش هەبوونێکی وجودیانەی توانای هەبوونی هەنووکە دەگەیەنێت، بە مانایەکی دیکە لە هەنووکەیی

هایدگەریدا زەمەن لە رابردووەوە بەرەو ئێستاو داهاتوو ناجولێت، بەڵکو لە داهاتوو بەرەو رابردوو و ئێستا دەجولێت. سێیەم زەمەن لای هایدگەر کۆتاییدارە، واتە زەمەنی من دواجار کۆتایی دێت، کەواتە زەمەنی داهاتوو دەبێت زەمەنێکی کۆتایئامێز بێت، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش مرۆڤ وەك زەمەن بوونێکە بەرەو مەرگ، بەرەو کۆتایی دەچێت.[xvi]

لێرەوە سەیرکردنی مرۆڤ وەك زەمەن سەیرکردنیەتی وەك ویژدان، ئەو دەنگەی کە مرۆڤ بەرەو ئازادی بوونی خۆی دەکاتەوە، ئازادییەك کە لە زەمەن و کۆتاییەکانی زەمەندا: لە وجود بەرەو مەرگ خۆی متداوە. کەواتە چارەنووس چییە؟ لای هایدگەر چارەنووس وەك ویژدان سێنتەری تاکە و خودی تاك خەڵقی دەکات.

ئەگەر لای هایدگەر زەمەن زەمەنی کەسی بێت ئەوە لای ریکۆر فەردی نییەو گشتییە، ئەویش بە دوو مانا: یەکەم زەمەنی جەماوەری، واتە زەمەنی کارلێکردنی نێوان کەسایەتی و بارودۆخە جۆراوجۆرەکان. دووەم: زەمەنی

جەماوەری، زەمەنی نێوان "گێڕانەوە/چیرۆك" و گوێگرەكان. دواجار خەیاڵ و زەمەن و شیانی ئەو سێ پێكهاتەیەن كە لە رێگەی ئەوانەوە بیر لە وجودی مرۆیی دەكرێتەوە، وەك چۆن لە رێگەی تەئویلەوە بیر لە دەق دەكرێتەوە.

ریكۆر و گێڕانەوەگەرێتی

لای ریكۆر چیرۆك/گێڕانەوە تەعبیر لە بوونی مرۆیی دەكات، وەك چۆن تەئویلیش مانای دەقەكان لەخۆ دەگرێت، بەڵام زەمەن ئەو پرسیارە "ئۆگستین" ئامێزە لای ریكۆر دەشێ لە رێگەی گێڕانەوە چارەسەرێكی شیعرییانەی بۆ بكرێت، ئەویش بە مەعقولییەت بوونی زەمەنەوە بەندە، هەر لەوێشەوە خەیاڵ ناكەوێتە دەرەوەی واقیع بەڵكو زیاد لە پێویست واقیعی دەكەوێتەوە، بە مانایەكی دیكە خەیاڵ توانای گوتنی واقیعی هەیە. ئەگەر ئەركی تەئویل راڤەكردنی دنیا بێت لە رووی دەقدا، دنیای دەقیش سەرچاوەكەی خەیاڵ بێت بەو سیفەتەی كە توانای دووبارە وەسفكردنی هەیە، ئەوە

تەئویلکردنی دەق بەو مانایە نییە کە شاراوەکان کەشف بکات، بەڵکو بەو وەسفەیە کە تەفسیری وجود دەکات لە دنیایەك کە دەق دەیخاتە روو. دەقی ئەدەبیش وەك کردەیەکی مرۆیی جگە لە بوون لە زەمەندا شتێکی دیکە نییە. هەر لەوێشەوە دنیای دەق رێگەیەکە بۆ بوون لە دنیادا. کەواتە "چیرۆك/گێڕانەوە" نە واقیعییەو نە وەهمییە، بەڵکو رێگەیەکە بۆ کەشفکردنی ئەنتۆلۆژیانەی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ بوون و گەردوون، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش ریکۆر قسە لە ئەنتۆلۆژیای خەیاڵ دەکات.[xvii]

ئەوەی کە گێڕانەوەی ریکۆر لە زەمەنی فەردی هایدگەر جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە گێڕانەوە لەوێوە خۆی دەبینێتەوە کە جەماوەر یان گوێگرەکانی بەرەو خەیاڵ دەبات، یان بە مانایەکی ئایینی بەرەو راستییان دەکاتەوە، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش دەشێ دووبارە گێڕانەوە وەك وەسفێك بۆ گێڕانەوە گەورەکان تەماشا بکرێت، بەلاّم لای ریکۆر دووبارە گێڕانەوە گواستنەوەیە لە جەرەیانی زەمەنەوە بۆ

ئەسڵی مێژوو، واتە ئەوە کردەی دووبارەکردنەوەیە، کە مێژوو درووست دەکات.

ئەو رەخنە سەرەکییانەی کە "دیڤید کار" بەرانبەر ریکۆری دەکاتەوە ئەوەیە کە "گێڕانەوە/چیرۆك" خەسڵەتی رووداوە راستییەکان ناگوازێتەوە، ئەگەر بە گواستنەوەشیان هەڵسێت بڕوایان پێناکرێت. لە لایەکی دیکە "دیڤید کار" دەڵێت: چیرۆك ناژی بەڵکو دەگێڕێتەوە، ژیان سەرەتاو ناوەند و کۆتایی نییە وەك ریکۆر دەڵێت، بەڵکو ئەو سیفەتە تەواو چیرۆکئامێزەو لە هونەرەوە بۆ ژیان گوازراوەتەوە.[xviii]

هەڵبەتە ریکۆر دژی ئەوەی کە پێی دەڵێن رووتکردنەوەی چیرۆك/گێڕانەوە لە زەمەن دەوەستێت و پێیوایە سەرەتا و ناوەندو کۆتایی بنەمای بونیادی گێڕانەوەیە، وەك چۆن زۆر بە سادەیی بە هەمان شێوەش زەمەنیش دەکەوێتەوە.

بەلاّم "دیڤید کار" لە بارەی گێڕانەوەو دنیای واقیع دوو رەخنە ئاراستەی ریکۆر دەکات و دەڵێت: گێڕانەوە بە تەواوی لە دنیای واقیع نامۆیە نە دوور و نە نزیك

هاوشێوەی واقیع نییە ، بێگومان ئەو رەخنەیە دیدە پێوانە سازەکەی ریکۆر کە لەسەر دیدی واقیع بۆ چیرۆك وەستاوە هەڵدەوەشێنێتەوە. دووەم "دیقید کار" دەڵێت ژیان لە پێچەکانیدا سیستمی گێڕانەوەی هەڵگرتووە ، ئەوەش لە رۆشنبیریی ئەدەبی بە دیاریکراوی چیرۆك هاتۆتە بەرهەم. بەڵام ریکۆر بۆ ئەو دوو رەخنەیە یەك وەڵامی هەیە ئەویش ئەوەیە کە ژیان لە بونیادی گێڕانەوەدا نامۆ نییە ، پێویستیشی بەوە نییە ئەو بونیادە لە چیرۆك بخوازێت، چونکە بونیادی خۆیەتی و قابیلی رەتکردنەوەش نییە ، بەڵکو ژیان بۆخۆی جۆرە گێڕانەوەیەکی کورتکراوەیە ، یان بونیادێکە دەکەوێتە پێش گێڕانەوە.[xix]

لە لایەکی دیکە قسەکردن لە بارەی دووبارە گێڕانەوە هەر تەنها دووبارە بەرهەمهێنانەوە ناگەیەنێت، بەڵکو ریکۆر بە بەرهمهێنان و داهێنانی دادەنێت کە رەنگە لە ژیان وەرگیرابێت، بەڵام لە رێگەی گرێ چنەوە گۆڕانکاری بە سەردا دێت، بەو مانایەش بونیادی گێڕانەوە کردەی لەخۆگرتن و کۆکردنەوەو بەناوەندکردن بەرجەستە دەکات.

به ناوەندکردنی واقیع و رووداوی فەردی، وەك چۆن لەخۆگرتنیش رەگەزە لێکدوورەکان دەگرێتەوە، یان لەخۆگرتنی ئاستی جۆراوجۆر لە زەمەن...

دواجار دەتوانین بڵێین پۆل ریکۆر لە کتێبی زەمەن و گێڕانەوەدا دەیەوێت ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە کە بونیادگەرەکان لەنێوان ژیان و گێڕانەوەدا درووستیان کردووە. هەروەها لە جیاوازی نێوان خەیاڵی زانستی و خەیاڵی ئەدەبیدا دەڵێت لە هەموو ئەزموونەکانی خەیاڵی زانستی خود ملکەچە، ملکەچی پەیوەندییەکانەو ئەوەی بەردەوامیش ئامادەیی هەیە مێشکە، بەڵام خەیاڵی ئەدەبی ئاوێتەبوونێکە لە شوێنی گێڕانەوەدا دەردەکەوێت، لە لایەکی دیکەش پێیوایە لە نێوان مێژوو و خەیاڵ ئاوێتە بوونێك هەیە، وەك چۆن دابڕان هەیە. بۆ ئاوێتە بوون نموونەی ئەوە دێنێتەوە کە ئەمڕۆ ئێمە شکسپیر دەخوێنینەوە، لەبارەی فیکرەی دابڕانیش چەمکی هەنووکەیی یان وجودی خودی دەخاتە روو.

کۆدی دافنشی

ئەو رۆمانەی کە بیست ملیۆن دانەی چاپکراوە

بۆ پەنجا زمانی زیندوو وەرگێڕدراوە

رۆمانی کۆدی دافنشی کە نووسەری ئەمریکی (دان براون) نووسیوویەتی یەکێکە لە رۆمانە هەرە پڕ فرۆشەکانی ئەمڕۆی دنیا، نووسەری ناوبراو هەتا ئێستا

تەنها پێنج رۆمانی بە چاپ گەیاندووە، کۆدی دافنشی چاپی یەکەمی لە ساڵی (2003) بە زمانی ئینگلیزی کەوتە بەر دەستی خوێنەرانەوە، ئەوەی کە پێشتر ناوبانگی بە رۆماننووس بەخشی رۆمانی (فریشتەو شەیتان) بوو کە ساڵی (2000) بە چاپی گەیاندووە.

(دان براون) لە ساڵی (1964) لەدایکبووەو دەرچووی کۆلیژی (amherst) ماوەیەك وەك مامۆستای زمانی ئینگلیزی کاری کردووە، پاشان دوای نووسینی یەکەم رۆمانی بە ناوی(القلعه الرقمیه) خۆی بۆ کاری نووسین تەرخان دەکات، هەر لە منداڵیشەوە خۆی لە نێو فەلسەفەدا دۆزیوەتەوە بە تایبەتی دوالیزمییەتی ئایینو زانست، رۆمانی (فریشتەو شەیتان) کە یەکێکە لە رۆمانە بەناوبانگەکانی تەعبیر لەو دوالیزمەتە دەکات. کۆدی دافنشی لە لایەن (سمیه محەمەد عەبد رەبە) لە ئینگلیزییەوە کراوە بە زمانی عەرەبی لە ساڵی (2004) لە بەیروت چاپکراوە، ئەو رۆمانە زۆرترین دەمەتەقێو گفتوگۆو هەڵای لە دنیادا ناوەتەوە، لە

زۆربەی هەرە زۆری ئەو وڵاتانەی کە مەسیحیەکان بەشێکی پێکدێنن قەدەغە کراوە، هەروەها رۆژی هەینی رێکەوتی(18/مارس/2005) لە یەکێك لە هەواڵەکانی (bbc) هاتووە کە (فاتیکان)ی شارو فاتیکانی سیاسەتو فاتیکانی دەسەڵاتی ئایینی فەتوای قەدەغەکردنی دەرکردووەو بە توندی مەحکومی دەکات، وەك چۆن دەسەڵاتدارانی هەر یەك لە لوبنان، ئوردن، سوریا، بەهۆی ئەو سکاڵانامەیەی کە لەلایەن پێشەوایانی (کاسۆلیکی) لەسەر ئەو رۆمانە خراوەتە روو قەدەغەیان کردووە.

ئێستا (کۆدی دافنشی)لە رووی پرفرۆشییەوە لە نموونەی زنجیرە رۆمانەکانی (هاری پۆتەر) دەژمێردرێت، لە لیستی (نیویۆرك تامیز)و (ستریت)و (سان فرانسیسکۆ)و (کرۆنیکیل) پلەی یەکەمی داگیر کردووەو چاپە ئینگلیزییەکەی زێتر لە (10000000) دە ملیۆن دانەی پەخشکراوە.

رۆمانی ناوبراو لە (105) بەش پێکدێت، شێوەیەکی سینەمائامێزی لەخۆ گرتووە، دەرهێنەری بە تواناو خاوەن خەڵاتی ئۆسکاری 2002 ڕۆبن هاورد ڕەزامەندی وەزارەتی ڕۆشنبیریی فەرەنسی وەرگرتووە بۆ وێنەگرتنی ڕووداوە سەرسوڕێنەکانی ئەو رۆمانە لە مۆزەخانەی لۆڤەر، پاڵەوانی ئەو فیلمەش ئەکتەری بە ناوبانگی ئەمریکی (تۆم هایکس)ەو ئەکتەری بەریتانی(بۆل بیتانی)و هەروەها (جان رینۆ)ی فەرەنسیو هەردوو بەریتانی(ئایان مکیلان)و (ئەلفرید مۆلینا)و ژنە ئەکتەر(ئۆدی تاوتۆ) ڕۆڵ لەو فیلمەدا دەگێڕن.

چیرۆکی کۆدی دافنشی

وەك لە ناونیشانی سەرەکی رۆمانەکە دەردەکەوێت، کارکردنی نووسەر دەکەوێتە سەر کردنەوەی کۆدەکانی دافنشی، بەو مانایەش (دان براون) هەوڵی داوە مێژووی هونەر لە دووتوێی مێژووی کەنیسەو ڕەمزەکانی هونەری دافنشی بە جۆرێکی دیکە بخوێنێتەوە کە لەگەڵ

بیرکردنەوەکانی ئەوسای کەنیسەدا تەواو جیاواز
دەکەوێتەوە، ئەوەش ئەگەر لە لایەك تەعبیر لە
کەشفکردنی دەسەڵاتی هونەر بکات، ئەوە لە لایەکەی
دیکە نهێنی ئەو بێگارییەی دەخاتە روو کە تاکو ئەمڕۆ
کەنیسە لە خۆیدا حەشاری داوە.
هەڵبەتە چ وەك کەشفکرنو چ وەك خوێندنەوە هەوڵی
نووسەر جەربەزانەو داهێنەرانە خۆی دەنوێنێت، سەرەڕای
ئەوەش وەك گێڕانەوە توانیوویەتی (مێژوو-
جوگرافیا/حەقیقەت-خەیاڵ) تێکەڵ بە یەك بکات، بە
مانایەکی دیکە توانیوویەتی بە شێوەیەکی هونەری
زۆرجوان لە جوگرافیای ئەمڕۆدا بە دوای مێژوودا بچێو
خوێنەر بخاتە نێو حەقیقەتو خەیاڵەوە کە بە رای من
یەکێکە لە تەکنیکە سەرکەوتووەکانی ئەو رۆمانە، واتە
لە لایەك دەشێ ئەو رۆمان مۆرکی گێڕانەوەیەکی حەقیقی
لەخۆ حەشار دابێت، لە لایەکی دیکە خەیاڵێکی
فەنتازی، لە لایەك خوێنەر دەخاتە سەر حاڵەتی
ئامادەیی، حاڵەتێك کە چێژو خۆشی تیا پراکتیزە

دەکرێت، لە لایەك کۆمەڵێك زانیاری بە ئاسانیو بێ
ئەرکی پێدەبەخشێت.
دان براون لە دووتوێی خوێندنەوە سەرسامکەرەکەی
خۆیدا هەوڵی کردنەوەی کۆمەڵێك کۆدو راڤەکاری
کۆمەڵێك هێلکاری لە تابلۆکانی دافنشی بە ئەنجام
گەیاندووە، چنینی سەرەکیشی لەسەر بنەڕەتی
فەرامۆشکردنو ونکردنی رۆڵی مێینەیە لە کۆمەڵگای
نێرینەدا، ئەگەرچی رەگەزی مێ بەپێی مێژووو ژیاری
مرۆییو بە جیاوازی قۆناغو شێوەکان، وێڕای رۆڵی
دامەزراوە ئایینییەکان رۆڵی خۆی گێراوەو هەتاکو
ئێستاش بەشێکی زۆری هەوڵەکانی لە پێناو
بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگا لەکار دایە، بەڵام ئایینەکان
هەمیشە ویستوویانە ئەو رۆڵە بە پەراوێز بکەن، وەك دان
براون دەڵێ بە تایبەتی لە نێو کۆمەڵگای مەسیحیدا،
کەواتە دان براون سوودێکی زۆری لە حەقیقەتە
مێژووییەکان بینیووە، وەك چۆن سوودی لەو
لێکۆڵینەوانە بینیووە، بە تایبەتی ئەو کاتەی کە لە

ئیسپانیا لە (زانکۆی ئەشبیلیە) بە دراسەکردنی هونەر هەڵساوە، لەوێدا کۆمەڵێك مەتەڵی تابلۆکانی دافنشی فێر بووە، بێگومان کاریگەری (بلایت)ی خێزانی کە نووسەرو نیگارکێشو مێژوو نووسی هونەرە بە ئاشکرا بەسەرییەوە دیارە.

دان براون لە نێوان مێژووی هونەرو مێژووی ئەفسانەکاندا تێکەڵەیەکی سازاندووە، بە دیوەکەی دیکەش لە زۆربەی زانیارییەکانیدا پشتی بە بەشی لێکۆڵینەوەی تابلۆکانو بەشی کارگێڕیی بەڵگەنامەکانی مۆزەخانەی لۆڤەرو هەروەها کۆمەڵەی لەندەن بۆ تۆمارەکان بەستووە،

وەك چۆن ئەو کۆمەڵە

بەڵگەنامەیەی کە لە

دێری ویستمینسیرو

یەکێتی زانایانی

ئەمریکیو هەروەها

کتێبی ـــ - دەـورەدراو بەگوەڵان-

بەناونیشانی (خوێنی پیرۆز پیاڵەی پیرۆز) سوودی زۆریان پێگەیاندووە. دواجار دەتوانین بڵێین نووسەر لە پێناو ئەو رۆمانە ماندووبوونو هەوڵێکی زۆری خەرج کردووە.

رووداو لە کۆدی دافنشی

ئەو رۆمانە سەرەتا لە فەزایەکی پۆلیسی تەمو مژاوییدا بە تاوانی کوشتن دەستپێدەکات، هەر لێرەشەوە هەر یەك لە کاراکتەران (لانغدۆ)و (سۆفیا نۆفۆ) دەکەونە بەر زنجیرەیەك هێرشو راوەدوونانو ترسو هەڵاتن، تاوانی کوشتنی (جاك سونێر) یەکێك لە گەورە توێژەرانی مۆزەخانەی لۆڤەر هەر تەنها تاوانێکی ئاسایی نییە، بەڵکو نەخشە بۆ دارێژراوە، چونکە پاشان دەردەکەوێت کە (سونێر) یەکێکە لە ئەندامە هەرە بەناوبانگەکانی (برایانی سیۆن)*ی نهێنی، کۆمەڵەی سیۆن کۆمەڵەیەکی ئەوروپی-حەقیقی نهێنییەو لە ساڵی (1099) دوای داگیرکردنی فەرەنسا لەسەر دەستی پاشای فەرەنسی کە بە (گۆدفروا دو بوبۆن) ناودەبرێت دامەزراوە، پاشان لە ساڵی (1975) نووسینگەی

پاریسی نیشتیمانی کۆمەڵێك نەخشەی بە ناوی (بەڵگەنامەی نهێنی)یەوە کەشفکردووە، لەو نەخشانە ناوی ئەو ئەندامانەی کە سەر بەو کۆمەڵەیەن لە نێوانیشیاندا هەر یەك لە (ئیسحاق نیوتن، ساندرۆ بۆتیشلی، فیکتۆر هۆگۆ، لیوناردۆ دافنشی، پاشان جان کۆکتۆ) دەردەکەوێت، بەو مانایەش کۆمەڵەی سیۆن کە جاك سونێر یەکێکە لە ئەندامە بەرزەکانی کە تا ئێستا لە ژیاندا مابێت، لەسەرەتای رۆمانەکە دەکوژرێت.

ئەوەی کە لێرە دەبێ ئاماژەی بۆ بکەین ئەوەیە کە ئەو کۆمەڵەیە هەڵگری گەورەترین نهێنین کە بە (خوێنی پیرۆز) یان (دایکی پیرۆز) ناودەبرێت، جاك سونێر یەکێکە لەو چوار کەسە بنەڕەتیانە کە پارێزگاری لەو نهێنییە دەکەن، چونکە ئەو نهێنییە وەك لە رۆمانەکە هاتووە پشتاوپشت لەلایەن وارسەکانی (خوێنی پیرۆز)ەوە پارێزگاری لێکراوە، واتە وێرای (سونێر) سیانی دیکە بە شوێنی ئەو نهێنییە دەزانن.

لێره لایەنێك لە لایەنەكانی ململانێی نێو رۆمانەكەمان خستە روو، بەڵام لایەنەكەی دیكەی ئەو رۆمانە لە كۆمەڵێك گەورە كەشیشانی (كاسۆلیكی) توونديرەو پێكهاتووە كە خۆیان بە ناوی (ئۆبۆس دای) پێناسە دەكەنو (مانۆیل ئەرینغازۆرا) سەرۆكایەتیان دەكات، لە ساڵی (1928) لە ئیسپانیا دامەزراوەو خۆیان بە هەڵگری بەها كۆنزەڤاتیڤی كاسۆلیكی دەدەنە قەڵەم، بانگەشەی ئەوە دەكەن كە گیانی خۆیان بكەنە قوربانیو بەرەو بۆگەن بوونو پاكبوونەوەی بەرن، هەروەها لە رێگەی ئازاردانی جەستەی خۆیانەوە، پێیانوایە دەتوانن خۆیان لە كفركردن پاك بكەنەوە، لە ساڵی (1928) پاپای فاتیكان بە شێوەیەكی فەرمی مۆڵەت بە هەموو مارەسەكردنەكانیان دەدات.

ململانێی ئەو دوو كۆمەڵەیە لەوە هاتووە كە یەكەمیان (مەسیح) وەك مرۆڤ كە لە گۆشتو خۆێن پێكهاتووە سەیر دەكات، دووەمیات سیفەتی پیرۆزی پێدەبەخشن،

واتە دووەمیان (مەسیح) بە کوڕی خوا دەزانن کە بە پرشنگی پیرۆز دەور دراوە.

مێژوو هونەرو مێژووی ئەفسانەکان

جاك سونێر یەکێکە لەو کەسانەی کە هەتا ئێستا گەورەترینو بە هێزترین نهێنی پێسپێردراوە، لە نیوە شەوێك لە مۆزەخانەی (لۆڤەر) لە پاریس بە شێوەیەکی نەخشە بۆکێشراو بەر کرداری کوشتن دەکەوێت، وەك گومان سەرەتای رۆمانەکە بەو کردارەوە دەچێتە دووتوێی گێڕانەوەوە، رۆماننووس لە ناو مۆزەخانەی لۆڤەر فەزایەکی تەمومژو پۆلیسی بەرجەستە دەکات، چونکە کوشتنی لێپرسراوی مۆزەخانەی لۆڤەر هەر تەنها کارەساتێك نییە وەك خوێنەر لەسەرەتا بیری لێدەکاتەوە، بەڵکو ئەگەر بە دوای سەیرکردنی لاشەی سونێر دابچین زۆر نهێنیمان بۆ کەشف دەبێت، بە مانایەکی دیکە لە راڤەکردنو سەیرکردنی لاشەی سونێرەوە دەتوانین مێژووی هونەرو مێژووی ئەفسانەکان هەڵبگرینەوە. یان بە

مانایەکی دیکە مێژووی کەنیسەو راڤەکردنی تابلۆکانی دافنشی هەڵگرینەوە.

جاك سونێر وەك لە دوایدا دەردەکەوێت لە لایەن (سیلاس) کە سەر بە کۆمەڵەی (ئۆبۆس دای)ە بەر گوللە دەدرێت، پۆلیسی دادوەری فەرەنسی بە سەرکردایەتی (بیزۆفاش) لە ماوەی (24) کاتژمێر کە دەکاتە زەمەنی رۆمانەکە، بەتوندی بە دوای بکوژ دادەچێتو لێکۆڵینەوەی لەسەر کوشتنی بە ئەنجام دەگەیەنێت.

لێرەدا گێرەرەوە لە دوو لادا کار لەسەر رووداوی کوشتن دەکات، دەشێ خودی ئەو دابەشکردنە تەکنیکی سینەماییمان بیر بخاتەوە، واتە لە لایەك گێرەرەوە بە ئاراستەی بکوژدا دەڕواو کار لەسەر کۆمەڵەی (ئۆبۆس دای) دەکات، لە لایەکی دیکە (برایانی سیون)و بەدوای گێرانەوەی ئەونهێنییەدا دەڕوا کە (سونێر) لەدوای مردنی خۆی بە جێیدەهێلێت، خوێندنەوەی کوشتنو کەوتنی لاشەی (سونێر) دە دەشێ کرۆکی ئەو رۆمانەی لەخۆ

هەڵگرتبێت لە سێخاڵدا خۆی دەنوێنێ، یەکەمیان پەیوەندی بە باری جەستەیدایە، واتە دوای کوشتنی باری کەوتنی لاشەکەی شێوەی تابلۆ بە ناوبانگەکەی دافنشی (پیاوی میترۆفی) دەنوێنێ. دووەم لەگەڵ نواندنی ئەو بارەشدا بەر لە مردنی بە خوێنی خۆی هەندێ نووسینو رەمزی ئاڵۆز لەوانەش (ئەستێرەی پێنج پەڕ) لەسەر جەستەی خۆی دەکێشێ، هەروەك لەسەر زەویەکەش کۆمەڵێك مەسەلەی بیرکاریو رەمزو تەلیسمو سێ رستە شیعر دەنووسێتو لە دوای ئەوەش ناوی (لانغدۆن) دێتە نێوەوە، (لانغدۆن) مامۆستای زانستی رەمزە ئایینییەکانە لە زانکۆی (هارفۆرد)، لە ئێوارەی هەمان رۆژدا کۆرێکی لە بارەی کردنەوەی کۆدەکان لە شاری پاریس سازداوە.

دەبێت لە بیریشمان نەچێت هەر ئەو لرۆژە (سونێر) نامەیەك بۆ (لانغدون) دەنێرێت بەو هیوایەی کە ئێوارە بۆ قسەو باس لەسەر رەمزە ئایینییەکان چلوی پێبکەوێت، سێیەمیان بەر لە کوشتنی نامەیەك لەپشت تابلۆی (مریەمی پاکیزەو مەسیحی شیرە خۆرو.....)ی

دافنشی بۆ نەوەکەی (سۆفیا) جێدەهێلێت، سۆفیا ئەو کچەی کە لە زانستی کۆدەکان پسپۆرە. کەواتە بە دیوەکەی دیکەش ناو هێنانی (لانغدۆن) جۆرێکە لە بە فریا کەوتنی (سۆفیا) بۆکردنەوەی کۆدەکان.

دواجار ئەوەی لەو کۆدانە دەردەکەوێت جۆرێکە لە بەرجەستەکردنی هونەرو ئەفسانە، واتە لەپاڵ تابلۆی (پیاوی میترۆفی) دافنشیو شێوەی کەوتنی لاشەی (سونێر) کۆمەڵێك پەیوەندی هەیە ، یەکێك لەو پەیوەندییانە ئاماژە کردنە بە شاردنەوەی نامەکە، هەروەها لە نێوان (ئەستێرەی داود)و (خوێنی پیرۆز) پەیوەندی جۆراو جۆر خۆی حەشار داوە، لە درێژەی ئەو نووسینەدا ئاماژەیان بۆ دەکەین.

کردنەوەی کۆدەکان

بەر لە کوشتنی (سونێر) یەکەمین کەسێك کە ناوی بۆ لێکۆڵینەوە لەگەڵ کردن دێت (لانغدۆن)ە، وەك گوتمان ئەو کابرایە ئەمریکییەو زانکۆی ئەمریکیلە پاریس بۆ ئێوارە کۆرێك داوەتی پاریسی دەکات، لێکچەرەکەشی لەو

کۆرەدا لە بارەی کۆدی بتپەرستەکان دەبێت، کە بێگومان کۆنزەڤاتیڤەکان زۆر پێی سەخڵەت دەبن.

(لانغدون) لە دوای تەواو بوونی لێکچەرەکەی بۆ پشوودان دەچێتە مێوانخانەیەك، بەڵام ئێوارەیەکی درەنگ (نەقیب فاش) لە مۆزەخانەی لۆڤەرەوە بە دوایدا دەنێرێت، ئەگەرچی لە بنەڕەتە وەك تاوانبارێك داوا کراوە، بەڵام وای تێدەگەیەنن کە وەك رەمزناسێك کارییان پێی کەوتووە،و دەیبەنە سەر لاشەی (سونێر) تاکو ئەو کۆدانە بکاتەوە کە ئەو پیاوە لەدوای خۆی جێی هێشتوون، پاشان پاش ماوەیەکی کورت (سۆفیا نۆفۆ) کە نەوەی (سونێرە) و پسپۆرە لە کردنەوەی کۆدەکان دەگاتە مۆزەخانە بۆ ئەوەی کۆمەکی پۆلیس لەو بارەوە بکات، و هەوڵی خوێندنەوەی ئەو نووسین و ژمارانە بدات کە (سونێر) لەسەر لاشەو نامەکەدا وێنەی کێشاون، هەر لە میانی بەدواداچوونی ئەو کۆدانەوە کە کاکڵی رۆمانەکەن گێڕەرەوە بە شێوەیەکی هونەری بەرز دوای رووداوەکان

دەکەوێت، و لە مەتەڵێکەوە بۆ مەتەڵێکی دیکەو لە شوێنێکەوە بەرەو شوێنێکی دیکە رامانده‌کێشێت.
(لانغدون) دەزانێت کە (ئەستێرەی پێنج پەڕ) یەکێکە لەو رەمزانەی کە بەر لە (4000)پ ز دەلالەتی لە پەرستنی سروشت دەکردو لە وردترین راڤەکردنی مانادا رەمزی ڤینۆسی هەڵگرتووە، واتە رەمزی خواوەندی خۆشەویستی مێینە بووە. هەروەها لە لێکچواندنی کەوتنی لاشەی سونێر و تابلۆکەی دافنشی (سۆفیا) هەست بە پەیوەندییەك دەکات، ئەو پەیوەندییەش دواجار لەوە دەردەکەوێت کە سونێر نامەیەکی بۆ نەوەکەی لە پشت تابلۆیەکی دافنشی بە جێهێشتووە، هەر لە ماوەی خوێندنەوەو گەڕان بەدوای کۆدو نووسینەکانەوە (سۆفیا) خۆی دەگەیەنێتە (لانغدون)و داوای لێدەکات خۆی لەو رووداوە بەدوور بگرێت، چونکە دەیانەوێت تێوەی بگلێنن، بەڵگەشی ئەوەیە کە (سونێر)ی باپیرەی لە پاڵ نووسینەکەی سەر زەوی ناوی (لانغدون)ی هێناوە، بەڵام نەقیب فاش بەر لەوەی ئەو بانگ بکات رەشی کردۆتەوە،

هەروەها بۆ سەلماندنی قسەکەی سۆفیا ئەو نووسینەی نیشان دەدا کەپێشتر وێنەی گیراوە، پێشی دەڵێ کە بەر لە کوشتنی سونێر نامەیەکی بۆ لانغدون نووسیووە کە ئەو ئێوارەیە دەیەوێ بەیەکەوە بن، وەك چۆن نامەیەکیشی بۆ سۆفیا نووسیووە کە ئاگاداری خۆی بێت چونکە ژیانی لە ترس دایە، هەروەك پێشی رادەگەیەنێت کە ئێوارە سۆفیا سەرێکی لێبدات، بەڵام لەبەر ئەوەی کە سۆفیاو سونێر بۆ دە ساڵ دەچێت پەیوەندییان بە یەکەوە پچڕاوە بۆیە سۆفیا بە دوای ئەو نامەیەدا ناچێت، بەڵام دوای ئەوەی کە هەواڵی کوشتنی رادەگەیەنن و داوا لە پسپۆری کردنەوەی کۆدەکان دەکەن کە زانیاری خۆیان لەوبارەوە پێشکەش بکەن، ئیتر لە بەر ئەوەی سۆفیا لێپسراوی ئەو بەشەیە ئەو کارە دەکەوێتە سەر شانی ئەو.

دواجار سۆفیا بە فریای لانغدون دەکەوێت و بە زیرەکی خۆی ئەو نامەیەی پشت تابلۆکەی دافنشی دەدۆزێتەوەو لە فەزایەکی ترسناك و ئاڵۆزدا لەگەڵ لانغدون رادەکەن.

پەیوەندی نێوان کۆدەکان و ئەستێرەی پێنج پەڕو

کۆمەڵەی سیون

ئەو ئەستێرە پێنج پەڕەی کە سونێر لەسەر جەستەی خۆی بە خوێنی کێشا بووی وەك لانغدون روونی دەکاتەوە راستەوخۆ تەعبیر لە مێینەی پیرۆز دەکات، کە لای کۆمەڵەی سیون گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، ئەو پیرۆزیەش لە دروشمی گوڵە زەنبەق بەرجەستە دەبێت، گوڵە زەنبەق یان (مۆنالیزا) تابلۆ بەناوبانگەکەی دافنشییە.

مێینەی پیرۆز بیروایەکی جەوهەرییە لای کۆمەڵەی سیونی نهێنی بۆ تەئکیدکردنی ئەو فیکرەیەش ئەگەرچی (دان براون) وەك رەمز لەسەر لاشەی سونێر نیشانمان دەدات، بەڵام لە لایەکی دیکەش لە تابلۆی مۆنالیزادا دان براون خوێندنەوەیەکی داهێنەرانەو چێژئامێزمان پێدەبەخشێت، ئەوەش بە تەواوی لەو بڕاوایەوە دێت کە دافنشی و کۆمەڵەی سیونی قەناعەتیان پێهەبووە، بەو مانایەش دافنشی بڕوای بەوەیە کە رۆحی مرۆیی تەنها بە

تێکەڵبوونی هەردوو رەگەزی نێرو مێ بەرز رادەگیرێت، مۆنالیزاش جگە لە تێکەڵکردنی ئەو دوو رەگەزە شتێکی دیکە نییە، هەروەها لانغدون پێیوایە مۆنالیزا پیکهاتووە لە یەکگرتنی (ئامون)ی خواوەندی فیرعەونییەکان کە سەر بە پیت و فەرێ نێرینەیەو (ئێریس)ی خواوەندی پیت و بەرەکەتی مێینە کە بە وشەی وێنائامێزی (لیزا) دەنووسرێت. یەکگرتنی ئەو دوو وشەیە دەلالەت لە یەکگرتنی پیرۆز دەکات لە نێوان نێرو مێ، هەر ئەوەشە نهێنی زەردەخەنەکە (مۆنالیزا)، هەروەها مۆنالیزا هەروەك پسپۆرەکان تەئکیدی لێدەکەنەوە نە نێرەو نە مێ، بەڵکو بەیەکلکانی هەردوو رەگەزی نێرو مێ دەنوێنێ، لەلایەکی دیکەش شیکردنەوەی رەنگەکان بە هۆی ئامێری کۆمپیوتەر دەریخستووە کە وێنەی رووخساری خودی دافنشییەو تەئکید لە خاڵی لێکچوونی هەردوو رووخسارەکە دەکاتەوە.

لێرەدا دان براون تابلۆکە بە مێژووی هونەری کۆن و بیروباوەڕی دافنشی پەیوەست دەکات، هەر لە ژێر ئەو

پەیوەست بوونەش وەك گوتمان لە میانی بەیەكلكاندنی خواوەندی (ئامووون)و خواوەندی (ئیزیس) وشەی (ئامونلیز) یان (مۆنالیزا) دێتە بەرهەم. هەروەها دەشێ زەردەخەنەكەی مۆنالیزا ئەو فێڵ و لە خشتنەبردنە بێت كە لە رێگای بەیەكەوە لكانی رەمزی بتپەرستیو رەمزی مەسیحیەت هاتۆتە ئاراوە بێ ئەوەی كەنیسە ئەو نهێنییە ئاشكرا بكات، كەواتە زنجیرە رووداوەكەی لۆڤەر دوای هەلاتنی لانغدون و نۆفۆ و بەدەستهێنانی نامەكە، یان كلیلی بەردین دەكەوێتە نێو تانوپۆیەكی ئاڵۆزو سیخناخ بە رووداوی جۆراو جۆرو كەشێكی دیكەو پاشان لە رێگەی بەدواداچوونی كۆدەكان و كردنەوەی كۆدەكانەوە دەتوانین بگەنە بانكی (زیوریخ- بۆ سپاردەكان)و لەوێش ئەو كلیلبە بەردینە بەكار بهێنن كە باپیری نۆفۆ لە پشت تابلۆكەی (مادۆنا ئوف) لە نامەیەكدا بۆی جێهێشتبوو هەر لە رێگەی ئەو كلیلە بەردینەش لەوێ دەگەنە ئەو سندووقەی كە پشتاپشت برایانی سیۆن پارێزگاری لێكردووە، بەر لەوەی پۆلیس بتوانێت دەستی پێیانبگات،

لەوێ بەیارمەتی بەرێوەبەری بانکی زیوریخ (فێرینە)ی هاوڕێی (سونێر) رادەکەن بۆ ئەوەی بتوانن دواجار ئەو شوێنە بدۆزنەوە کە نەخشە کۆدئامێزەکەی نێو سندووقەکە ئاماژەی پێدەکات، ئەو نەخشە کەشفی ئەو شوێنە دەکات کە پیاڵەی پیرۆزی تیا حەشار دراوە، ئەوەی کە لەو بارەشەوە نووسراوە تەنها ئەوەیە کە بەردە کلیل ئەو تاکە دەرئەنجامە لۆژیکیەیە کە عەقڵ لە رێگەیەوە دەتوانێت بە (پیاڵەی پیرۆز) بگات، ئەوە بەردێکی کۆدئامێزە لە ژێر نیشانەی گوڵە زەمبەقێکەوە حەشار دراوە، بۆ ئەوەی ئەو کۆدەش بکەنەوە پەنا بۆ (تبیتغ) ئەو پیاوەی کە خاوەنی کەسێتییەکی جیاکارەو لە رێگەی دانانی کتێبێك لە بارەی خێزانی (یۆرك) بۆ ماوەی چەندان ساڵ ناونیشانی سوارچاکی هەڵگرتووە.

برایانی سیون و مەسیحیە بتپەرستەکان

ئەوەی کە لە کردنەوەی کۆدەکانی ئەو رۆمانە زۆر بەجوانی خۆی دەخاتە روو، پەیوەندەی نێوان مریەمیمەجەدەلی و مەسیحە، بەو مانایەش ململامنێی

نێوان (کۆمەڵەی سیونی نهێنی)و (ئۆبۆس دای)
بەشێکی زۆری پەیوەندی بە تەماشاکردنی مەسیح وەك
مرۆڤ و تەماشاکردنی مەسیح وەك کوڕی خوا هەیە، یان
پیرۆزییەوە هەیە، لێرە ئەوەی کە کۆمەڵەی سیونی نهێنی
داکۆکی لێدەکاتو بەردەوام دەیپارێزێت ئەو خوێنە
پیرۆزەیە کە نەوەکانی مەسیح هەڵیانگرتووە، هەروەها وەك
لە رۆمانەکەدا هاتووە ئەوەی کە دەستیشی لە لەناوبردنی
ئەو رەچەلەکەدایە کۆمەڵەی (ئۆبۆس دای)ە، تاکو لەوێوە
داکۆکی لە پیرۆزی بکەن، ئەوەش بە ئاشکرا بە نەبوونی
نهێنی خۆێنی پیرۆزەوە بەند دەکەن.
لەلایەکی دیکە کاتێك باسی (سۆفیا نۆفۆ)مان کرد
گوتمان نزیکەی دە ساڵان پەیوەندی لەگەڵ باپیرەی (جاك
سونێر)دا بڕیبوو، پچڕانی ئەو پەیوەندییە بێگومان هەروا
لەخۆ نەبووە چونکە (نۆفیا) هەر لە منداڵییەوە وەك
باپیری بۆی دەگێڕێتەوەو وەك هەواڵ بلاّو دەبێتەوە
خێزانەکەی دووچاری کارەساتی ئۆتۆمبیل دێتو لە نێوان
باوكو دایكو براکەی هەر تەنها خۆی دەمێنێتەوە بۆیە

باپیری ئەرکی بەخێوکردنی دەگرێتە ئەستۆی خۆیو نۆفۆ
دوای ئەوەی دەچێتە زانکۆ لە (لەندەن) رۆژێك لە کاتی
پشوودا دێتە ماڵەوە واتە ماڵی باپیرەی هەڵبەتە باپیرەی
خاوەنی ماڵێکی گەورەو باخچەیەکی گەورەیە، بەلاّم
هەرچەند دەگەرێت باپیرەی نادۆزێتەوە، پاشان بەرەو
باخەکە دەچێت لە نێو باخەکەشدا خانوویەکی دوو
نهۆمی هەیە، لەوێش هەموو ژوورەکانی هەردوو
نهۆمەکە دەگەڕێت، ئەگەچی ئۆتۆمبێلێکی زۆر لەدەرگای
باخەکە وەستاون، بەلاّم باپیرەی دیار نییە، دواجار نۆفۆ
کە هەستی خۆی رادەگرێت دەنگێ لە شێوەی شینگێڕان
دێتە گوێی بەلاّم نازانێ سەرچاوەی ئەو دەنگە لە کوێ
دێت، پاشان بەرە بەرە لێینزیك دەکەوێتەوەو بە دوایدا
دەچێت بەرەو دەرگایەك دەبێتەوە ئەو دەرگایە دەچێتە ژێر
خانەکەوە کە تاکو ئەو کات نۆفۆ نەیزانیبوو ئەو خانووە
ژێر خانیشی هەیە، کە نزیك دەرگای ژێر خانەکە دەبیتەوە
دەرگاکە دەکاتەوە کۆمەڵێك کەس دەبیننێت کە خەریکی
نواندنی سروتێکنو سروود دەخوێنن-تەقس (هەڵبەتە

تەقس رەفتارێکی ئاهەنگسازانەیە ، یان رەمزییانەیە
بەهاکەی لە دووبارەکردنەودایە ، سروتەکان بەزۆری
پەیوەندییان بە بۆنە ئایینەکانەوە هەیەو پشت بە
سیستمی باوەڕداری دەبەستێت) کاتێك نۆفۆ دەچێتە
نهۆمی خوارەوە کۆمەڵێك کەسی دەمامکدار دەبینێت بە
رەنگی رەشو سپی، ئەوانەی دەمامکی سپییان پۆشیووە
لە رەشەکان نەرمو نیانتر دیارن، لێرە سۆفیا دووچاری
حەپەسان دەبێت نەك لە بەر ئەوەی کە باپیرەی ئەو
نهێنییەی لێشاردۆتەوە، بەڵکو دواجار وەك لانغدون لە
کاتی قسە کردن لەسەر کردنەوەی کۆدەکان کەشفی
دەکات بێ ئەوەی سۆفیا ئەو نهێنییە ئاشکرا بکات،
لانغدون دەڵێ ئەو تووڕە بوونەی تۆ لە باپیرەت لەو حاڵەتە
ناشایستەوە هەڵقولاوە کە تۆ لە باپیرەت دیووە، کە
ئەسڵەن رۆژێك لە رۆژان بیرت بۆ ئەوە نەچووبوو، ئەویش
ئەوەیە کە لە ناوەڕاستی دەمامکدارەکان باپیری خۆت بە
رووتی بینیووە کە راکشاوەو ژنێك بە رووتی راکشاوەو
بەپێی ریتمی سروودو تەقسەکە مارەسەی سێکسی

دەکەن. سۆفیا کە ئەو حاڵەتە دەبینێت خۆی پێڕاناگیرێتو شێتگیر دەبێتو راستەخۆ وێڕای نووسینی نامەیەك بۆ باپیرەی ئیتر ئەو شوێنە بە جێدەهێلێتو چیتر پەیوەندی پێوە ناکاتەوە. وەك لانغدونی رەمزناسی ئایینی لێکیدەداتەوە ئەو تەقسە راستەخۆ پەیوەندی بە کۆمەڵەی سیونی نهێنییەوە هەیەو تەعبیر لە بەیەکەوەلکانی رەگەزی نێرو مێ دەکات کە دافنشی لە تابلۆی مۆنالیزا تەعبیری لێکردووە-(ل 324 شـــیفیر دافنشی).

لێرە لە رێگەی تەقسی ناوبراودا دان براون دەیەوێت ئاماژە بە پەیوەندی نێوان مەسیحو مریەمی مەجدەلی بکات، چونکە راستەخۆ تەعبیرە لە پیرۆزی مێینە کە دواجار پاش ئیمپراتۆری رۆمانی قوستەنتین ئەو رەگەزە وەك شەیتانو لە خشتەبەر بەرجەستە دەکات، بەمجۆرە دان براون بەرەو مێژووی قوستەنتینی رۆمانیمان دەبات، قوستەنتینی رۆمانی لەسەردەمی رۆمانیای بتپەرستدا حوکمی بە دەستەوە بووە، لە نێوان (285-327ز) واتە

دوای کۆچکردنی عیسای مەسیح بە نزیکەی (300) ساڵ.

بێگومان قوستەنتینی میکافیلی هەمیشە ویستی ئەوەی هەبووە کە زۆرترین زەوی دنیا بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە، بۆیە بەردەوام هەوڵی داوە رەمزەکانی مەسیحی لەگەڵ ئایینی بتپەرستیدا لەیەك نزیك بکاتەوەو بەیەکەوەیان بلکێنێت، بۆ ئەوەی گەلی رۆمان لەو ماوەیەدا لەگەڵ مەسیحییەتدا دووچاری دژبوونەوە نەبێتو پێکەوە هەڵبکەن.

بەڵام وەك برایانی سیونی نهێنی پێیانوایە قوستەنتین ئەو ئیپراتۆرە بووە کە لە رێگەی کۆمەڵێك هۆکاری جۆراجۆرو ترسناك کە نزیکەی سێ سەدەی خایاندووە توانیوویەتی بنەچەی مێینەی پیرۆز بۆ نێرینە بگۆڕێت، بەمجۆرە وێنەی مێینەی لە پیرۆزییەوە بۆ شەیتان گۆڕیووە، هەروەها توانیوویەتی کردەی پیرۆزی نێوان نێرو مێ بە کردەی ناپەسەند دابنێت.

بەو مانایە دەتوانین بڵێین کوشتنی (سونێر)و هەر سێ کەسەکەی دیکە لە شەوێکدا بۆ مێژوویەك دەگەڕێتەوە کە قوستەنتینی ئیپراتۆر دەخاتەوە بیرمان، ئەو قوستەنتینەی لە ڕێگەی کوشتنو بڕینەوە توانیوویەتی دەسکاری (ئینجیل) بکات. بەمجۆرە توانیوویەتی لە نێوان بتپەرستی کە ئایینی ئەوسای ئیپراتۆری ڕۆمانی بوو و لە نێوان مەسیحیەت، ئاینێکی هەجین دروست بکات، هەروەها توانیوویەتی دەسکاری گەلێك لایەنی ئینجلی کۆن بکاتو بە شێوەیەکی دیکە دایبڕژێتەوە، پاشان هەموو ئەو ئینجیلانەش بسووتێنێتو ئەو ئینجلەی کە لە بەرژەوەندی خۆیەتیو خۆی دەسکاری کردووە بخاتە بەردەست.

بۆ نموونە (25)ی دیسەمبەر کە جەژنی لە دایکبوونی خواوەندێکی فارسییەو بەر لە مەسیح هەبووە، هەروەها ئەو پڕشنگانەی کە ئینجیل بە دەوری پیرۆزی داوە، ئەوانە خەپڵەکانی خۆرن کە لە میسرییە کۆنەکانەوە ماوەتەوە، جگە لەوە سەرەتا بەر لەوەی قوستەنتین دەسکاری ئینجیل

بكات مەسیحیەكان رۆژی (شەبت، یان سەبت) واتە شەممەیان لا پیرۆز بوو، بەڵام قوستەنتین ئەو رۆژەی گۆڕی تاكو لەگەڵ رۆژە پیرۆزەكەی خۆیاندا بێتەوەو كردییە رۆژی یەكشەممە بە لاتینی واتە (sun day) یان (رۆژی خۆر) ئەوەش لە بەر ئەوەیە كە رۆمانەكان خۆریان لا پیرۆز بووە، هەروەك هەر لەسەر دەستی رۆمانییە بتپەرستەكانیش خواوەندی پیرۆز كە خۆری پیرۆزە، لای مەسیحیەكان بووە بە رۆژی پیرۆز، بەپێی پێوانەی ئەو بتپەرستنەش وێنەی مریەمی پاكیزە كە شیر بە عیسای مەسیح دەدات وەك كۆپی وێنەی خواوەندی رۆمانی (ئیریس) تەماشا دەكرا كە شیر بە (حورس) ی كوڕی دەدات.

لە لایەكی دیكەش لە شاری (نیقیە) لە رێگەی دەنگدانەوە كە كەشیشە گەورەكانی مەسیحی تیا بەشدار بوون فیكرەی لە دایكبوونی خواوەندێتی مەسیحیان چەسپاند، چونكە پێشتر وەك كۆمەڵەی سیونی نهێنی بڕوایان پێی هەیە مەسیح مرۆڤێك بووە لە خوێن و گۆشت.

بەجۆرە قوستەنتین بە پێویستی زانی کە لە ساڵی (
325) ئیپراتۆرەکەی لە ژێر ئایینێك رێکبخات کە
ئەویش ئایینی مەسیحییە بەڵام بە مەرجێك کە ئەو
ئایینە لەلایەن هەردوو لاوە، واتە رۆمانییە
بتپەرستەکان و مەسیحیەکاندا پەسەند بکرێت و تقوسی
هەردوو لا تێکەڵ بەیەك بکرێت، ئینجا مارەسە بکرێت،
وەك لە بەشی (55) رۆمانەکەدا لە رێگەی گفتوگۆی
نێوان هەر یەك لە (تبینغ)ی مێژوونووسی بەریتانی و
(لانغدون) و (سۆفیا) کاراکتەرە سەرەکییەکاندا هاتووە
کە ئینجل بە فاکس لە ئاسمانەوە نەهاتۆتە خوارەوە
هەروەها وشەی خوا نییە بەڵکو کتێبێکە ئیمپراتۆری
بتپەرستی قوستەنتین لەگەڵ کۆمەڵێك گەورە کەشیشی
مەسیحیان فۆرمەلەیان کردۆتەوە، بە مانایەکی دیکە
قوستەنتین فەرمانی داوە کە هەموو ئەو ئینجیلانە
بسووتێنرێت کە وەك (تبینغ) دەڵێ قسەی لە بە
مرۆڤبوونی مەسیح دەکەن، واتە دوای ساڵی (325)
فیکرەی بە خواوەند بوونی مەسیحی لەگەڵ کۆمیسیونی

نیکایە خستۆتە روو هەر لەوێشەوە ئیتر وەك پێغەمبەرو
خاوەن موعجیزە سەیری مەسیح کراوە پاشان هەر یەکێك
لە پەیڕەوکردنی ئەو ئینجیلە هەجینە دەرچووبایە بە
هەرتەقە، یان لە ئایین دەچووی ئەسڵی مەسیح کە بە
لاتینی پێیدەڵێن (هیریتیکۆس) تاوانبار دەکرا، هەروەها
(تبینغ) دەڵێت لە خۆشبەختی مێژوونووسان هەندێك لەو
ئینجیلانەی کە قوستەنتین دەیویست لەناویان بەرێت
رزگار کران، لە نێوان ئەو ئینجیلانەش لە ساڵی (
1950) بەڵگەنامەی (دەریای مردوو) کە لە نزیك
کێوی (قمران) بیابانی (نەقب) شاردرابۆوە دەستی بە
سەرگیرا، هەروەها بەرڵگەنامەی (قبتی) ساڵی (
1945) لە مێرگی (حمادی) دۆزرایەوە، ئەو
بەڵگەنامەیە قسە لە بەمرۆڤبوونی مەسیح دەکات،
سەرەڕای پیاڵەی پیرۆزی حەقیقی کە (فاتیکان) هەروەك
ئەوانیتر بەردەوام دەیەوێت ئەو حەقیقەتە بشارێتەوەو
خەڵك لە خشتە بەرێت، بۆیە رێگا نادات ئەو
بەڵگەنامەیە بڵاوبێتەوە، چونکە لەوێوە ناودژییەکانی ئەو

ئینجیلە نوێیە دەردەکەوێت ئەوەش دەلالەت لەوە دەکات کە ئەو ئینجیلە نوێیە کۆمەڵێك کەس دەستیان لە هەڵبژاردنو هەموارکردنیدا هەبووە کە ئامانجی سیاسیان لە پشت بووە، کەواتە ئێستا ئەو ئینجیلە کاری پێدەکرێت کە قوستەنتینو گەورە کەشیشەکان لەسەری رێك کەوتوون.

تابلۆی دواین ژەمی ئێوارەی دافنشیو پیاڵەی پیرۆز

هەڵبەتە بەر لەوەی کە (سۆفیا) لەگەڵ باپیرەی پەیوەندی بپچڕێت لە چەندان سەرداندا بۆ مۆزەخانەی لۆڤەر (سونێر) هەمیشە هەوڵیداوە سەرنجی (سۆفیا) بۆ تابلۆی دواین ژەمی ئێوارەی دافنشی رابکێشێت، دواجار خودی ئەو نهێنییەش ئەو شەوە دەردەکەوێت کە لاشەی (سونێر) لە مۆزەخانەی لۆڤەر لە ژێر پشکنیندا دەمێنێتەوەو (نۆفۆ) لە دیتنی تابلۆی دواین ژەمی ئێوارەی دافنشی یادی ئەو رۆژانەی دەکەوێتەوەو لەوێوە هەستدەکات نهێنیەك لەو تابلۆیەدا هەیە، هەروەها بەشێکی ئەو بەبیرهاتنەوەیەش لەوە سەرچاوە دەگرێت کە لاشەی سونێر

دەکەوێـتە سەر ڕێگای ئەو تابلۆیەوە ئەوەش وەك نۆفۆ بیری لێدەکاتەوە تەنها بۆ ئەوەیە کە دووبارە ئەو تابلۆیە سەرنجی نۆفۆ رابکێشێت.

ئێمە بەر لەوەی قسە لە نهێنی ئەو تابلۆیە بکەین گوتمان دوای ئەوەی کە لە بانکی زیوریخ بۆ سپاردەکان بە هۆی کلیلی بەردینو ئەو کۆدە حیسابیەی کە لەپاڵ سێ رستەکەدا نووسیبووی سندوقەکە بە یارمەتی (فێرین) بەرێوەبەری بانکەکە دەردەهێنن، دوای ئەوەش لە نێو ئەو هەموو پۆلیسو فەزا قەدەغەئامێزەدا بە ئۆتۆمبێلێکی بانکەکە سندوقەکە بەرەو دەرەوەی شار دەرفێنن ئینجا (فێرین) لە رێگا دەیەوێت ئەو سندوقە لە دەست (نۆفۆ)و (لانغدون) دەربهێنێو ببێتە خاوەنی نهێنی ئەو سامانە گەورەیە، دوای ئەوەی دەمانچەکە دەردەهێنێتو گوللەیەك بۆ ترساندنی لانغدون دەتەقێنێـت، کەچی سەرکەوتوو نابێتو لەو لا رێگایەدا بە جێیدەهێڵن، ئیتر دوای ئەوەی بە هەمان ئۆتۆمبیل لەو رزگار دەبن لانغدون بیر لەوە دەکاتەوە کە بۆ کردنەوەو راڤەکردنی نەخشەی

سەر سندوقەکە، دەبێت هانا بۆ یەکێك ببردرێت کە شارەزایەکی زۆری لە بارەی پیاڵەی پیرۆزو برایانی سیونەوە هەیە بۆ ئەوەش بەرەو باخچەکەی (تیبنغ)ی پیرۆزو مێژوونووسی بەریتانی دەکەونە رێگا تاکو لای ئەو کۆدی ئەو نەخشەیە بکەنەوە کە لەسەر سندوقەکە دەستیان کەوتووە.

هەڵبەتە وەك لانغدون ئاگادارە (تیبنغ) یەکێك لەوانە کە زانیارییەکی زۆری لە بارەی پیاڵەی پیرۆزەوە هەیە، بۆیە هەر ئەو شەوە بیر لەوە دەکەنەوە کە هانای بۆ بەرن، لەلایەکی دیکەش (سیلاس) بە هۆی فرمانی (ئەرینغاروزا) بە دوای هەمان کلیلدا دەگەڕێت، بەڵام کە لە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەی کە (ئەرینغارۆزا) لە نێو کەنیسەی (سان سۆلیس) پێی دەسپێرێت، ناگاتە کلیلی نەخشەکەشێتگیر دەبێتو لە نێو کەنیسەکەدا هێرش دەکاتە سەر راهیبەکەو پێوایە ئەو دەستی لە شاردنەوەی دایە بۆیە هەر لەوێدا دەیکوژێت، پاشان هەر بەو شەوە بەخۆیو دەمانچەکەی دەستی بەرەو ماڵی (تبینغ)

دەکەوێتە ڕێگاوەو بەر لەوەی بگات شوێنی مەبەست (لانغدون)و (نۆفۆ) دەگەنە ئەوێو لە باسکردنی پیاڵەی پیرۆزو کردنەوەی کۆدەکانی نامەکەدا دەبن (سیلاس) دەگاتە پشت پەنجەرەکەوە هەندێك لەو گفتوگۆیانە دەبیسێت کە لە بارەی پیاڵەی پیرۆز لە نێوان لانغدونو تبینغ دامەزراوە، هەڵبەتە ئەو گفتوگۆیانە چەندان زانیاری تیایە سەرەڕای ئەوەش تبینغ کۆمەڵێك کتێبو تابلۆ پێشانی نۆفۆ دەدات، یەکێك لەو تابلۆیانە دواین ژەمی ئێوارەی دافنشییەو پێی دەڵێت: کوا مەسیح لە کوێ دانیشتووە ئەویش دەڵێت لە ناوەراستدایە، دەڵێت چی دەخۆن ئەویش دەڵێت نانو شەراب، یەك دانە پیاڵەیان بۆ خواردنەوە پێیە کە بە پیاڵەی پیرۆز ناودەبرێت، لەو کاتەدا تبینغ بە نۆفۆ دەڵێت کە چاوی جوان بکاتەوە کە نۆفۆ بە جوانی سەیر دەکات هەر یەك پیاڵەی خۆیلە پێشەو ژمارەشیان(13)سێنزە کەسە کەواتە پیاڵەی پیرۆز ونە، وەك ئەوەی دافنشی لە بیری چووبێت پیاڵەی پیرۆز وێنە بکات.

لێرەدا تبینغ دەیەوێت بڵێت ئەو تابلۆیە کلیلی کردنەوەی نەخشەکەی لەخۆدا هەڵگرتووە، پێیان دەڵێت کە پیاڵەی پیرۆو ئەسڵەن شتێکی مادی نییە، بەڵکو مەعنەوییەو کەسێکی دیاریکراوە کاتێك روونتریشی دەکاتەوە دەڵێت پەیوەندی بە ژنێك دایە هەردووکیان سەریان

سوورڕدەمێنێـت، ئینجا روو لە لانغدون دەکات پێی دەڵێت رەمزی نێرو مێ بکێشە، لانغدون روونی دەکاتەوە کە مێ رەمزی ئەستێرەی خواوەندی فینۆس بووەو نێریش رەمزی ئەستێرەی خواوەندی مەریخ، پاشان لەسەر کاغەز بە مجۆرە رەمزی نێر لە شێوەی ژمارە هەشتی (8) عەرەبی دەکاتو دەڵێت ئەوەش بۆخۆی شێوەی بەراییانەی کێری مرۆڤەو هەروەها پێشتر بە (شیر)ییان چواندووە کە تەعبیر لە توونداو تیژیو نێرایەتی دەکات، رەمزی (کێر) هەتاکو ئێستاش لە جلوبەرگی سەربازی وەك دەلالەتێك بۆ پلەو پایە بەکار دێت.

هەروەها رەمزی مێ کە پێچەوانەی رەمزی نێر وێنەکەی لە شێوەی ژمارە حەوتی (7) عەرەبی دەکێشرێت، بە

ڕەمزی شالیس یان پیاڵەی پیرۆز ناودەبرێت، لێرەوە لانغدون دەڵێت ئەفسانە پێمان دەڵێت کە پیاڵەی پیرۆز پیاڵەیە بەڵام لە راستیدا ئەوە زاراوەیەکی مەجازییە بۆ پاراستنی نهێنی سروشتی حەقیقیانەی پیاڵە پیرۆز بەکار هاتووە، واتە ئەفسانە ئەوەی وەك خوازە بۆ تەعبیرکردن لە ڕەمزی مێ بەکار هێناوە(بڕوانە ل 261-267 شیفرەی دافنشی).

ئینجا تبینغ لە ئاماژەکردنی تابلۆی دواین ژەم کە وا باو بوو (13) پیاو دانیشتوونە، کەچی وا نییە، لێرەوە نۆفۆ زۆر لە تابلۆکە ورد دەبێتەوە دەبینێت ئەوەی لە نزیك مەسیح دانیشتووە نەرمو نیانی لە ئافرەت دەچێتو دەکەوێتە دەستە راستی مەسیحو قژی سوورە، بۆیە زۆر بە سەرسورمانی دەپرسێت ئای ئەو ژنە کێیە، تبینغ دەڵێت ئەوە مریەمی مەجدەلییە، نۆفۆ دەڵێت لەشفرۆشەکە؟ (بڕوانە ل 273). ئینجا تبینغ ئەو شێوە یان ئەو وێنەی نیشان دەدا کە لە نێوان مەسیحو مریەمی مەجدەلی دروست بووە چونکە لە ژێرەوە بەیەکەوە نووساون، بەڵام

لەسەرەوە لەیەك دوورنو شێوەی ژمارە حەوت یان پیاڵەیان پێکهێناوە، پاشان لانغدون دەڵێت ئەو شێوەیە تەعبیر لە رەحمی مێینە دەکات.

هەر لەو بەشەدا تبینغ دەیسەلمێنێت کە مریەمی مەجدەلی هەڵگری خوێنی پاشایانەو بنەچەکەی بۆ (سلێمان) پاشا دەگەڕێتەوە وەك چۆن دەزانین کە مەسیح بۆ بنەماڵەی (داود) دەگەڕێتەوە، کەواتە چیرۆکی پیاڵەی پیرۆز چیرۆکی خوێنی شاهانەیە، کاتێکیش کە قسە لەو پیاڵەیە دەکرێت بەو مانایەیە کە قسە لە خوێنی پیرۆز دەکرێت.

هەر لە بارەی دواین ژەمی دافنشی باسی ئەوە دەکرێت کە (بترس) کە یەکێکە لە هاوڕێیانی مەسیح چەند دژی ئەوەیە کە رەگەزی ئافرەت رۆلی سەرەکی بگێڕێت وەك لە تابلۆکەشدا دەردەکەوێت کە چەند بە شێوەیەکی ترسناك خۆی بەلای مریەمی مەجدەلی خوار کردۆتەوەو دەستی وەك شیر لە بەرانبەری درێژ کردووە، وەك ئەوەی بیەوێت سەری بڕێت، ئەوەش هەمان ئەو جولە سامناکەیە کە لە

تابلۆی (خانمی تاوێرەکان)ی دافنشیدا دەبینرێت، دەشێ ئەو بیرکردنەوەیە لە ئینجیلی (تۆما) وەرگیرابێت کە بترۆس دەڵێت: دەبێت مریەم جێمانبهێڵێت چونکە مێینە ئەهلیی ژیان نینە، بەڵام مەسیح وەلامدەداتەوەو دەڵێت تەماشاکە من رابەرایەتی دەکەم و وای لێدەکەم وەك نێری لێبێت....(ئینجیلی تۆما/114)

گوتمان (سیلاس) لەو دەمەدا لە پشت پەنجەرەکەیەو لە پڕ خۆی دەکات بە ژووردا، ئەوەو لەلایەکی دیکەش (فاش) زۆر بە توندی سەری خستۆتە سەر بانکی زیوریخ، بەردەوام لە رێگەی تلیفۆنەوە پەیوەندی بە بەرێوەبەری بانکەکە دەکات.

(سیلاس) هێرش دەکاتە ژوورێو پێیاندەڵێت کە کلیلەکەی پێبدەن، هەر لەو کاتەش گوللەیەك دەتەقێنێ، لە بەر ئەوەی پولیس دەوری ماڵەکەی (تبینغ) یان داوە کە گوللەکەیان گوێ لێدەبێت هەڵدەکوتنە سەر ماڵەکەو ئەوانیش لە ژوورەوە بەسەر سیلاسدا زاڵدەبن قۆڵبەستی دەکەن لەگەڵ خۆیان دەیڕفێنن.

هەڵبەتە وەك دەزانین سیلاس بۆ (ئۆبۆس دای) کار دەکاتو راستەوخۆ پەیوەندی بە (ئەرینغارۆزا)دایە، ئەو کۆمەڵەیەی کە ئازاری خودی خۆیان دەدەن لە پێناو پاکبوونەوە لە گوناهەکانیان. دەبێت بزانین لەو کاتەی سیلاس بە کوشتنی سونێرو راهیبەکە هەڵدەسێت ئەرینغاروزا لە (فاتیکان)ە بۆ ئەوەی لە بری جیابوونەی کۆمەڵەی (ئۆبۆس دای) بە فەرمی لە قاتیکان، بڕی (200) ملیۆن یۆرۆ وەك چەکێ کە خەرجکردنی سەر بە فاتیکانە وەربگرێت، بە دیوەکەی دیکەش لە رێگەی تەلیفۆنەوە پەیوەندی بە پیاوێك دەکات بە ناوی (مامۆستا)، هەر کە لە کەنیسەی (سان سولیس) بە مەبەست ناگات بە نائومێدی پەیوەندی بە مامۆستا دەکات ئەویش پێی دەڵێت کە ئەو نهێنییە نامرێت، بەڵام دیارە (جاك سونێر) بەر لە کوشتنی هەندێك لە زانیارییەکانی گواستۆتەوە-بڕوانە ل 220 .

تابلۆی خاڵی تاوێرەکانو سوارچاکی پەیکەر

کەواتە خوێنی پیرۆز، پیاڵەی پیرۆز، سالیش، بنەماڵەی پیرۆز، هەر هەموویان بە یەکەوە بەندن، پیاڵەی پیرۆز مریەمی مەجدەلییە، یان بنەماڵەی شایانەی مەسیحە، هەروەها (تبینغ) دەڵێت رەمزی ئەو گوڵە بە ئەستێرەی فینۆسی پێنج پەڕەوە بەندە، پاشان (لانغدون)

روونیدەکاتەوە کە گوڵ، یان (رۆز) بە زمانی ئینگلیزیو فەرەنسیو ئەڵمانی....هتد وشەی ئیرۆس پێکدەهێنێنن، کە خواوەندی خۆشەویستیو سێکسو چالاکی سێکسییە.

کاتێك سۆفیا لە ژێر جاکەتەکەی کلیلەکە دەردێنێت کە لە شێوەی (خاچە)، تبینغ سەرسام دەبێتو دەڵێت ئەوە دروشمی برایانی سیونە و لە کوێت دەست کەوتووە،

ئەویش دەڵێت کە باپیرەم پێیداوموو پێی دەڵێت کە کلیلی بەردینیشیان پێیە، لەو کاتەدا (سیلاس) وەك گوتمان بە خۆی دەمانچەکەی دێتە ژوورەوە.

دوای قۆڵبەستکردنی سیلاس تبینغ دەڵێت ئەو کلیلە بەرەو پیاڵەی پیرۆومان دەبات، کە لە ژێر نیشانەی

گوڵەکە شاردراوەتەوە، لە هەمانکاتدا سەیری ڕەمزی گوڵە هەڵکۆڵراوەکەی سەر سندوقەکە دەکات، دووبارە دەڵێت لە ژێر ئەو گوڵە شاراوەتەوە، ئیتر لەوێوە تبینغ دەڵێت پیاڵەی پیرۆز لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا شاردراوەتەوە، پاشان کە بە فرۆکە خۆیان دەرباز دەکەن لە نێو فرۆکە بە نووکی چەقۆ گوڵەکە لادەبەن دەبینن لە ژێرەوە نەخشەیەك هەیە دەقێکی تیایە هیچ یەکێك بۆی ناخوێنرێتەوە، دواتر دەردەکەوێت کە بە پێچەوانە نووسراوە، تبینغ دەڵێت ئەوە ئاماژە بە پیاڵەی پیرۆز ناکات بەڵکو بە سوارچاکانی پەیکەرو بنەماڵەی مریەمی مەجدەلی دەکات، ئەوانیش وەك لە قەسیدەکەدا هاتووە لە لەندەن لە ژێر لاشەی سوارچاکێك دایە کە لە مەراسیمی ناشتنی (پاپا) خۆی بەشداری تیا کردووەو تۆپی شاهانەش لەسەر گۆڕەکەیەتی، وەك چۆن لە قەسیدەکە ئاماژە بە مریەمی مەجدەلیو ئەو گوڵە دەکات کە تۆی مەسیحی هەڵگرتووە.

ئەوەی کە مێژوو ئاماژەی بۆ دەکات ئەوەیە کە کۆنمەڵەی سیون هەڵگری نهێنی بنەماڵەی مەسیحن‌و ئامانجی ئەو کۆمەڵەش ئەوەیە کە ئەو بەڵگەنامانەی لەژێر پەرستگای (هیرۆدین)ی بە سەریەکدا رووخاودا بپارێزن، ئەو پەرستگایە پەیکەری (سلێمان)ی تیایە بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ئامانجەش (کۆمەڵەی سیونی نهێنی) تیپێکی سەربازی بە ناوی (سوارچاکانی پەیکەر) دامەزراند بوو، بەڵام دوای (9) ساڵان سوارچاکان ئەو گەنجینەیە بەرەو ئەورووپا دەگوازنەوە، ئینجا دوای ئەوە ئەو سوارچاکانە لە دەسەڵاتدا باڵا دەست دەبن، واتە لە ساڵی (1300) پاپا (کلیمنت)ی پێنجەم لەگەڵ پادشای فرەنسا (فیلیب)ی چوارەم لە رۆژی هەینی (13)ی ئۆکتۆبەری (1307) زۆربەی ئەو سوارچاکانە لە ناودەبەن، بەڵام بەڵگە نامە نهێنییەکە کە بە پیاڵەی پیرۆز ناسراوە هەر بە نهێنی لە لای هەندێکیان دەمێنێتەوە ئەو نهێنییە لە تابلۆی (خانمی تاوێرەکان)و (دواین ژەمی ئێوارە)ی دافنشی ئاماژەی بۆ کراوە.

دواجار (ریمی) نۆکەری (تبینغ) کە یەکەمجار دەچێت
دەرگا لە لانغدونو نۆفۆ دەکاتەوە، لەگەڵ (سیلاس)ی
قۆڵبەستکراو رێکدەکەونو هێرش دەکەنە سەریانو کلیلە
بەردینەکەیان لێدەسێننو (تبینغ) لەگەڵ خۆیان دەبەنو
(لانغدون)و (سۆفیا)ش جێدەهێڵن، هەر بەو ئۆتۆمبێلەی
پێی هاتوون بەرەو سەیرانگای (سانت جیمس) کە
دەکەوێتە ناوەڕاستی دارستانێکی سەوز دەکەونە رێگا،
هەر ئە کاتیش (ئەرینغاروزا) بە هۆی تەلیفۆنەوە
پەیوەندی بە (ریمی) دەکاتو دەڵێت (سیلاس) لە نزیك
ماڵی (ئۆبۆس دای) دابەزێنێتو لەوێ بمێنێتەوە تۆش
لەگەڵ (تبینغ)ی قۆڵبەستراو بەرەو سەیرانگاکە بکەوە
رێگا، لە نێو ئەو دارستانە چڕو پڕەدا دوای ئەوەی سیلاس
دادەبەزێت (تبینغ)ی مامۆستا دێتە پێشەوەی
ئۆتۆمبیلەکە کلیلە بەردینەکە بەرز دەکەنەوە، پاشان
مامۆستا پیاڵەیەك کۆنیاك هەڵدەداو لە دوایدا ئەوەی کە
ماوە لە پیاڵەکە دەداتە ریمی بۆ ئەوەی پێکی سەرکەوتن

نۆش بکات، بەڵام کە دەخواتەوە هەستدەکات تامی خوێی لێدێت بۆیە هەر بەو پێکە دەکەوێتو دەمرێت.
لە لایەکی دیکە لانغدونو نۆفۆ هەر بە دوای نهێنی قەسیدەکەدا دەچن، بەڵام سیلاس پۆلیس لە (ئۆبۆس دای) راوەدووی دەنێتو لەو کاتەش هەر لە نزیك سەیرانگاکە (ئەرینغاروزا) دەگاتو لەوێ لەو کێشمە کێشە گوللەیەکی بەردەکەوێـت، پاشان سیلاس کە خۆی لە دەستی پۆلیس ونکردووە (ئەرینغاروزا) بە بریندارى بەرەو نەخۆشخانە دەگوازێتەوە، لە هەمان کاتدا (لانغدون)و (نۆفۆ) دەگەنە ئەوێو پۆلیس (تبینغ) دەگرێتو کلیلە بەردینەکە دەکەوێتەوە دەست (لانغدون)و (نۆفۆ) دواجار پیاڵەی پیرۆز وەك لە قەسیدەکەی (سونێر) ئاماژەی بۆ کراوە لە (رۆزلین) بەدوایدا دەگەڕێن.
دوای ئەوەی کە لانغدونو نۆفۆ دەگەنە کەنیسەی رۆزلین لەسەر زەوییەکە چاوییان بە ئەستێرەی داود دەکەوێت، کە ئەستێرەیەکی شەش پەڕەو رەمزی دروشمی (سلێمان)ە،

پاشان دەبێتە رەمزی داودو سلێمانو دروشمی پادشای ئیسرائیل.

دواجار سۆفیا هەر لەوێدا دایکی واتە (ماریا)و (براکەی) دەدۆزێتەوە (ماریا) بۆی روونده‌کاتەوە کە ئەو هەواڵەی کە باپیرەی بە سۆفیای گەیاندبوو هەر لە بەر ئەوە بوو کە لە کوشتن دووریان بخاتەوە، چونکە ئەوان بە رەچەلەك بۆ خوێنی پیرۆو دەگەڕێنەوە، لێرەدا دوای دۆزینەوەی یەکێك لە بنەماڵەکانی مەسیح کە بنەماڵەی نۆفیایە، رۆمانەکە پێماندەڵێت پیاڵەی پیرۆز لە خواروی قوچەکی لۆڤەر حەشار دراوە بەتەواوی دەکەوێتە ژێر ئەو قوچەکە سەرەوژێرکراوەی کە مێوانەکان لە هەموو گۆشەکانی مۆزەخانە لەبەرانبەری رادەوەستن، هیچ کەسێکی ناگاتێ، چونکە وەك بەدواداچوونی پیاڵەی پیرۆز تەنها خەیاڵە، لەوێ سۆفیاو لانغدون بە بیریان دێتەوە کە گەڕان بە دوای پیاڵەی پیرۆز سوجدە بردنە بۆ ئێسك‌و پروسکی مریەمی مەجدەلی.

*ئەكرەم ئەنتاكی لە سایتی (معـابر) لـە بابـەتێك بـە ناوی (حول شیفره دافنشـی) لـە بـارەی(prieure de sion) دەڵێـت وەك لـە عەرەبییەكـەی هـاتووە واتـای كۆمەڵەی سیۆن ناگەیەنێت، بەڵكو دەكاتە شوێن نوێـژی زایۆنییەكان.

سەرچاوەو پەراوێزەكان:

[i]- ئەو کتێبە هەوڵدەدات ڕاڤەی هەندێ لە خەسڵەتەکانی بونیادی عەقڵ و زمان و واقیعی کۆمەڵایەتی بکات، دووبارە بەسەر ڕاڤەکردنەکان و پەیوەندی و هاوگونجان و لۆژیکی نێوانیاندا دێتەوە، دووبارە ئەو تێگەیشتنە دوالیزمییەی عەقڵ و مادده کە (کارڵ پۆپەر) لە ژێر جیاکردنەوەی سێ دنیا (عەقڵی و فیزیاوی و ڕۆشنبیریی) جیای کردۆتەوە، (جۆن سێرل) بەدواداچوونیان بۆ دەکات و هەوڵدەدات هەندێ لە خەسڵەتە بونیادگەرییەکانی عەقڵ و زمان و کۆمەڵگە ڕاڤە بکاتەوە، هەرلەوێشەوە بەرگری لە واقیعێك دەکات کە خۆی دایهێناوە، پێیوایە هەموو واقیعێك بەشێك لەو خۆوەی تێدا بەجێدەمێنێ.. کۆی ڕەتکردنەوەکانی واقیعیش بە ویستی هێزەوە بەند دەکات و پێیوایە ویستی هێز ڕاڤەکردنێکی تیۆرییانەیە بۆ بواری گرفتەکان و دیاردە جۆراوجۆرەکان، وەك چۆن بەدیوەکەی دیکەش قسە لە پەیوەستبوونیان دەکات و هەوڵدەدات لەرێگەی ڕاڤەکردنەکانییەوە دەست بۆ پێکهاتەکانی هەست و نیاز و کردەی گوتن و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان بەرێت، کۆی ئەوانەش لە پەیوەستبوون بە مەعریفەو بایۆلۆژی و ئابوری و پەیوەندی عەقڵ بە فیزیاو چەمکی دوالیزمییەتی کۆن درێژ دەکاتەوە. دواجار پێیوایە پایەی زانست لە تەنیشت پایەی مرۆڤایەتی گرنگی بە بنەمای کۆمەڵایەتی دەدەن، نەك واقیعێکی سەربەخۆ. لەسەر ئەو بنەمایەش دەشێ گەشە بە مەیلی پۆست مۆدێرنەو هەڵوەشانەوەگەری و ئەوانیدیکە بدەین..

کەواتە با لە دنیای واقیعی دەرچین و دنیایەك دروست بکەین کە بۆخۆمان دەمانەوێت.. بۆ زێتر بەدواداچوون بڕوانە: جون سیرل، العقل و اللغة و الواقع (الفلسفة في العالم الواقعي) ترجمة: سعيد الغانمي، الدار العربية للعلوم–منشورات الاختلاف، الجزائر، ظ 1 . 2006

[ii] - فریگە کاتێك رووبەرووی هەڵەکانی (راسل) دەبێتەوە دەڵێت: کەشفکردنەکانی تۆ بۆ پارادۆکسەکان ئەوەند سەرسامم دەکات وشە ناتوانێت تەعبیری لێبکات. جون سیرل، العقل و اللغة و الواقع، هـ.س.پ، ل 12 .

[iii] – جون سیرل، العقل و اللغة و الواقع، ه.س.ث، ل 45،44،41 .

[iv] - ئەنتۆلۆژیا واتە ئەوەی کە هەیە، بەڵام ئەبستمۆلۆژیا واتە چۆن دەزانیت.

[v] – جون سیرل، هـ.س.پ، ل 69 .

[vi] – جون سیرل، هـ.س.پ، ل 71،70 .

[vii] – هـ.س.پ، ل 205 .

[viii] – هـ.س.پ، ل 208 .

[ix] - هـ.س.پ. ل 212، 218، 219، 222، 225 .

[x] –پۆل ریکۆر لە 27ی شوباتی ساڵی 1913 لە شاری "فالنس"ی فەرەنسی لەدایك بووە، لە دوای شەش مانگ دایکی کۆچی دوایی کردووە، بەڵام باوکی کە مامۆستای زمانی ئینگلیزی بوو لە ساڵی 1915 لە بەرەکانی جەنگی جیهانی یەکەم کوژراوە، بۆیە ئەرکی بەخێوکردنی خۆی خوشکەکەی دەکەوێتە ئەستۆی مامییەوە. خوێندنی دواناوەندی لە "رین" تەواو کردووە، پاشان چۆتە زانکۆ بڕوانامەی ماجستێری لە فەلسەفە بەدەست هێناوە، ئینجا چووە بۆ زانکۆی "سۆربۆن" لە پاریس و لەوێ نیشتەجێ بووە. بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە: بول ریکور، فلسەفە الارادە، الانسان الخگاء، ترجمە: عدنان نجیب الدین، دار البیچاء– المغرب،گ 1 2003، مقدمە.

[xi] –خوێنەرو پرۆسەی خوێندنەوەو راڤەی دەق، ئا،و لە ئینگلیزییەوە: عەلی عوسمان یەعقوب، گۆڤاری ئایندە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم دەریدەکات، ژمارە:78،

ئایاری 2008، **ل** 28 .

[xii] –الوجود و الزمان و السرد، فلسفه بول ريكور، ترجمه و تقديم: سعيد الغانمی، بيروت، گ **1**، **1999**، ل **52**.

[xiii] **-هـ.س.پ. ل 64،63،62.**

[xiv] **–بڕوانه: هيدجر، بقلم ماجوري جرين، ترجمة: مجاهد عبدالمنعم مجاهد، سلسلة اعلام الفكر العالمي المعاصر، بيروت،** 1973، **ل** 29، 31،30 .

[xv] **-هـ.س.پ، ل** 37 .

[xvi] **-هـ.س.پ. ل** 38،37 .

[xvii] – **الوجود و الزمان و السرد، هـ.س.پ.** ل **85،84،83.**

[xviii] **-هـ.س.پ. ل** 214 .

[xix] **-هـ.س.پ. ل** 225 .